ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# کاری مرۆڤ
## (بەشی یەکەم: گومان)

**یۆهان گۆتلێب فیختە**

بیرکردنەوەی فەلسەفی • وەرگێڕان: ڕێبوار قاسم



# کاری مرۆڤ

## (بەشی یەکەم: گومان)

یۆهان گۆتلێب فیختە

وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: ڕێبوار قاسم

بیرکردنەوەی فەلسەفی

ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**کتێبی کاری مـرۆڤ لە سـاڵی 1846دا لە یەنـا بڵاو بـوویەوە. یۆهـان گۆتلێب فیختە لێکۆڵینەوەیەکی قـووڵ لە ئـایدیاڵیزمی فەلـسەفی دێنێتە بەر بـاس. کتێبەکە بەسەر سێ بەشدا دابەش بووە "گومان"، "زانین" و “ئیمان".**

**ئەم بەرهەمە لە سێ بەشدا لە ئەستێڵ ئینسایت بڵاو دەبێتەوە.**

---

**بەشی "بیرکردنەوەی فەلسەفی" ئەستێڵ**

# کتێبی یەکەم

## گومان

وابـزانـم ئێستا بە شێوەیەکی گشـتی پشکێکی بـاش لەسەر جیهانی دەوروبەری خۆم دەزانـم. لەڕاســـتیدا بۆ وەدەســـتهێنانی ئەم زانینەش بەشی خۆم هەوڵم داوە و بە پێی پێویستیش پەرۆش بـووم بۆی. مـن تەنیا مـتمانەم بەو شـتانە کردووە کە هەسـتەکانـم پشـتڕاسـتیان کردوونەتەوە، واتە ئەزمـــوونی جێگیر و نەگۆڕ و بەس. مـــن دەســـتم لەو شـــتانە داوە کە بینیومـن، ئەو شتانەش کە دەستم لێداون پارچە پارچەم کردوون، ئینجا ڕوانینەکانی خۆمـم دوبـارە و دوبـارە کردووەتەوە، ڕواڵەتە جۆراوجۆرەکانـم لەگەڵ یەکتریدا بەراورد کردووە، دڵنیا نەبوومەتتەوە هەتا ئەو کاتەی توانیومە بە قووڵی پەی بە پەیوەندی وردی نێوان ئەو ڕواڵەتانە بەرم و لە ڕێگەی یەکێکیانەوە ئەوی تــریان ڕوون بکەمەوە و یەکێکیان وەکوو ئەنــجام لەوەی تــریان هەڵێنجم، تەنیا ئەو کاتە دڵم ئـارامی گـرتــووە کە تــوانیومە ئـاکامەکان پێشوەخـت هەڵدەم و پـاشــان کاتێک لە ئـاکامەکانـم ڕوانیوە بینیومە گـریمانە پێشوەخـتەکەی منیان پشتڕاست کردووەتەوە. کەوابێت من چەندە لە بوونی خۆم دڵنیام ئەوەندەش لە وردیی ئەم بەشە لە زانینی خۆم دڵنیام. مـــن بە هەنـــگاوی قـــورس و جێگیرەوە لەم بەشە لە جیهانی ئاشنای خۆمدا پیاسە دەکەم و سات بە ساتیش بوون و خۆشبژێوی خۆم دەخەمە گرەوی دڵنیابوون لە بیروباوەڕەکانی خۆم.

بەڵام ــ من خۆم چیم و کاری من [لە ژیاندا] چییە؟

ئەم پرسیارە هەر پێویست بە کردن ناکات! زۆر لەمێژە من وانەی خۆمم لەسەر ئەم پرسیارانە وەرگرتووە و لێ بوومەتەوە، ئینجا ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت هەتا هەموو ئەو شتانەم بیر بێتەوە کە بە ڕوونی بیستوومن، فێریان بووم و باوەڕم پێیانە.

کەواتە لە چ ڕێگەیەکەوە ئەم زانینەم بەدەست هێناوە کە زۆر بە لێڵی بیرم ماوە کە هەمە؟ ئایا ڕەنجی من، کە خولیای زانین هانی داوم، ڕەنجێک بووە بە ناو نادڵنیایی و گومان و لێکدژیدا؟ کاتێک تووشی شتێک بوومە کە لە ڕوواڵەتدا جێگەی باوەڕ بووە، ئایا لەم حاڵەتەدا هاتووم ئەو شتەی کە لە ڕوواڵەتدا جێگەی باوەڕە دووبارە و دووبارە تاقی بکەمەوە و ڕوونی بکەمەوە و بەراوردی بکەم، هەتا ئەو کاتەی بانگێکی ناوەکیی بەهێز، کە هەموو بەرگرییەک پووچەڵ دەکاتەوە و بێبەرییە لە هەڵە، لە گوێچکەمدا دەڵێت: "دڵنیابە ئەمە وەهایە و جۆرێکی تر نییە، وەکوو چۆن دڵنیایت لەوەی دەژیت و هەناسە دەدەیت". [بەڵام] ئێستاکە هیچ شتێکی لەو جۆرەم لە بیر نییە. ئەم ڕێنماییە بەر لەوەی من هەست بە ویستنەکەی بکەم بە من بەخشراوە: بەر لەوەی پرسیارێکم کردبێت وەڵامێکم دراوەتەوە. گوێچکەم بۆی ڕادێراوە، چونکە لە توانامدا نەبووە وانەکەم. ئەوجار خۆم و شانسم چەندەی لە یادگەمدا مابێتەوە. تاکە شتێک من کردبێتم ئەوە بووە ڕێگەم داوە شتەکان بە مەیلی خۆیان بێنە ناوەوەم، بە بێ ئەوە لێیانم کۆڵیبێتەوە یان هیچ حەزێکم بۆیان هەبووبێت.

کەواتە چۆن باوەڕ بە خۆم بهێنم کە من لەسەر بابەتی ئەندێشەی گەڕاندنەوەیی[1] خۆم، بەڕاستی زانینم هەیە؟ گەر من تەنیا ئەو شتانە دەزانم کە قەناعەتم پێیان هێناوە کە خۆم دۆزیومنەتەوە، گەر تەنیا ئەو شتانە دەزانم کە خۆم ئەزموونم کردوون، ئەوە لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کەمترین زانینیشم لەسەر کاری خۆم نییە: بەڵکوو هەر هێندە دەزانم کە هەموو کەسێک بانگەشەی زانینی خۆی دەکات، تاکە شتێک لێرەدا بتوانم بە بێ دوودڵی بیڵێم هەر ئەوەندەیە کە بیستوومە خەڵک لە بارەی ئەم بابەتانەوە بە فلانە جۆرە قسەدەکەن.

---

[1] Reflective Thought

کەوایە هەمــوو ئەم مــاوەیە، لەکــاتێکــدا خۆم بە پەرۆشییەکی خەمــخۆرانەوە لە شـــتە بێبایەخەکانم کۆڵیوەتەوە، لە هەمانکاتدا لەو بابەتانەدا کە خاوەن باڵاترین بایەخن پشتم بە متمانە و پەرۆشیی بێگانەکان بەستووە. لە باڵاترین پرسە مرۆییەکاندا بایەخم بە خەڵکانی تر داوە، مکوڕی و وردبینییەکم لەواندا شک بردووە کە لە خۆمدا بەدیم نەکردووە. مـن ڕێزێکی لە ڕادەبەدەر زیاتر لەوەی بۆ خۆمم هەبێت بۆ ئەوانم هەبووە.

باشە ئەوان ئەو زانینە حەقیقییەی کە هەیانە لە کوێیان بوو، گەر لە ڕێگەی گەڕانـدنەوەیەکی ئەندێشەیی[2] بە دەستیان نەهێنابێت؟ بۆچی نابێت منیش، لە ڕێگەی هەمان گەڕاندنەوەی ئەندێشەییەوە، بە هەمان حەقیقەت بگەم، لە کاتێکدا من هیچم لەوان کەمتر نییە؟ ئای کە تا ئێستا چەندە خۆمم بە کەم زانیوە و چەندە بە چاوێکی نزمەوە سەیری خۆمم کردووە!

نامەهەوێت چیتر ئەمە بەم شێوەیە بەردەوام بێت! لە ئێستادا ئیتر داوای مافی خۆم دەکەم و ئەو گەورەییەی کە شایستەییم وەریدەگرم. با هەمـوو شـتە بێگانەکان بەلاوە بنێم. مـن **بۆخۆم** لێیان دەکۆڵمەوە. مـن لە ناو خۆمدا دەشێت هەندێک ئارەزووی شاراوە بدۆزمەوە بەوەی لێکۆڵینەوەکە چۆن چۆنی کۆتایی پێبێت، یانیش لە ناو خۆمـدا هەنـدێک مەیل بەدی بکەم بۆ ئەوەی لایەنگری لە هەندێک ئیدعا بکەم. گەر ئەم مەیلەم بەدی کرد، ئەوە دەست بە ڕوویدا دەنێم و ڕێگەی پێنادەم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەکانم هەبێت. مــن ئیتر دەمــهەوێت بە سەختی و بە خەمخۆرییەوە ئەرکی خۆم بەجێ بــگەیەنــم و بە ڕاستگۆییەوە هەمـوو دەرئەنـجامەکان قـبووڵ بکەم. ئەوەی بە ڕاسـتی تێبگەم، جـا هەر چی بێت، بە ئــامێزێکی ئــاواڵەوە وەریدەگــرم. مــن دەمــهەوێت **بــگەم بە زانین.** مــن بە هۆی دڵنیاییەکەوە مـتمانەم بە عەرزە کە ڕامـبگرێت کاتێک کە بەسەریدا هەنـگاو دەنێت، یانیش متمانەم بە ئاگرە بمسووتێنێت گەربێتو لە ڕادەبەدەر لێی نزیک ببمەوە، ئینجا دەمهەوێت توانای ئەوەم هەبێت بە هەمان دڵنیاییەوە بزانم من لە ئێستا و لە داهاتوودا [وەکوو ئەوەی هەم] چیم. گەر دەرکەوت ئەمە مـومکین نییە، ئەوجـار دەمـهەوێت بەلایەنی کەم بـزانـم کە

---

2 Thoughtful reflection

ئەمە مومکین نییە. من ئامادەم تەنانەت ئەمەش وەکوو ئاکامی لێکۆڵینەوەکە قبووڵ بکەم، گەربێتو خۆی وەکوو حەقیقەت بۆ مـــن ئـــاشکرا بکات. [ئێستاش] بـــا بەخێرایی بچـــمە لای کێشەکەم.

ســــروشــــت دەگـــرم، ڕێک لەو کاتەدا کە [ســــروشــــت] بە تیژی دەفڕێت، بۆ یەک ســـات دەیوەســتێنم، بە وردی سەرنجی ئەم ســاتەوەخــتەی ئێستا دەدەم و لێی رادەمێنم. بیر لەم ســروشــتە دەکەمەوە کە هێزی بیرکردنەوەم لێی تــا ئەم ســاتەوەخــتە پەرەی سەنــدووە و کۆمەڵێک ئەنجامگیریش لە لام شێوەگیر بوون کە لە بوار و پانتایی سروشتدا جێگەی باوەڕن.

دەوروبەرم پڕە لە شـتانێک کە نـاچـارم وەکوو پەنـا-بەخۆ و دابڕاو لە یەکتر لەقەڵەمیان بـدەم: ڕووەکەکان، درەخـــتەکان و ئـــاژەڵەکان دەبینم. ژمـــارەیەک چۆنـــایەتی یان نیشانەی تـــاکانە دەدەمە پـــاڵ هەر کام لەو شــتە دیارەکراوانە و لەم ڕێگەوە لێکیان دەکەمەوە. فلانە شێوەیە دەدەمە پاڵ ئەم ڕووەکە و فلانە شێوەی تر دەدەمە پاڵ ڕووەکێکی تر کە جیاوازە لە شێوەی ئەوەی تریان. فلانە شێوەی تایبەتی گەلاکان دەدەمە پاڵ ئەم درەختەیان و فلانە شێوەی تری گەلاکان دەدەمە پاڵ درەختەکەی تر.

هەر کام لە شتەکان **ژمارەیەکی کۆتادار**، نە کەمتر و نە زیاتر، تایبەتمەندی هەیە. گەر شتێک بە تەواوەتی بـناسیت، ئەوە دەتـوانیت هەمـوو پـرسیارێک سەبـارەت بە فلان یان فلان بـوونی شــــتەکە بە بەڵێ یان نەخێرێکی یەکلاییکەرەوە ولام بــــدەیتەوە و بەم شێوەیەش کۆتـــایی بە هەمـوو دوودڵییەک لە نێوان بـوون یان نەبـوونیدا بهێنیت. هەر شــتێک کە لە ئـارادایە، **یان ئەوەتـا شــتێکە یانیش ئەو شــتە نییە**: یان ئەوەتـا ڕەنگینە یانیش ڕەنگین نییە، یان ڕەنگێکی دیاریکراوی هەیە یانیش نییەتی، یان ئەوەتا تـامـدارە یانیش تـامـدار نییە، یان لەمسکراوە یان لەمسکراو نییە و ئەمەش هەتا ناکۆتا دەتوانێت بەردەوام بێت.

هەر شتێک هەتا **ئاستێکی کۆتادار** لە هەر کام لەم چۆنایەتییانە [واتە چۆنایەتییەکانی خۆی] بەهـــرەمەنـــدە. گەر پێوەرێک بۆ [پێوانەکردنی] چۆنـــایەتییەکی دیاریکراو هەبێت و بــتوانــم بەکاری بهێنم، ئەوە دەتـوانـم چەنـدایەتییەکی دیاریکراو لەم چۆنایەتییە [لە شـتەکەدا] بەدی

بکەم و ئەم چەنــدایەتییە بە تۆزقــاڵیش نە ڕادەی ڕێژەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و نە تــووشی کەمــوکورتیش دەبێت. بــا وای دابنێین مــن بەرزی ئەم درەخــتە دەپێوم، لێرەدا بەرزییەکی کۆتـادار بەدی دەکەم، درەخـتەکە تەنـانەت یەک تـاکە هێڵیش لەوەی کە هەیە نە بەرزتـر و نە کورتتریش نییە. ئەوجار با بیر لە سەوزی گەڵاکانی بکەینەوە، سەوزی گەڵاکانی درەختەکەش سەوزییەکی کۆتاداره، واتە بە تۆزقاڵێکیش لەوەی هەیە نە تاریکتر و نە ڕووناکتر، نە تۆختر و نە کاڵتر نییە، جــا بــا هیچ پێوەرێک یان وشەیەکیش بۆ ئەمە نەبێت. ئینجا بــا ئەم ڕووەکە وەربـگرین، ئەم ڕووەکە لە قۆنـاغێکی کۆتـاداری خۆی لە نێوان چەکەرەدان و پێگەیشتن دایە، واتە نە نـزیکتر و نە دوورتـرە لەو قۆنـاغەی کە تیایدایە. **ئەوەی هەیە لە سەرەتـا بۆ کۆتـایی دیاریکراوە، هەر ئەوەیە کە هەیە و هیچ شتێکی تر نییە.**

بێگومـان ئەوە بەو مـانـایە نییە بـمهەوێت بـانـگەشەی ئەوە بکەم کە نـاشێت بیر لە شـتێک بکەمەوە کە لە نێوان دوو چۆنایەتی ناتەبادا بە نایەکلایی ماوەتەوە. من دوواجار بیر لە شتە دیاری نەکراوەکانیش دەکەمەوە و زیاتـر لە نیوەی بیرکردنەوەی مـن ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە [واتە بیرکردنەوە لە شـتە دیاری نەکراوەکان] لەخۆدەگـرێت. [بۆ نـموونە] مـن بیر لە درەخـت بە گشـتی دەکەمەوە. ئـایا ئەم درەخـتە گشـتییە میوە دەگـرێت یان نـا، گەڵا دەگـرێت یان نـا؟ گەر میوە و گەڵا دەگـرێت ژمـارەی میوە و گەڵاکانی چەنـدە؟ ئەم درەخـتە سەر بە کام جۆر لە درەختە؟ بەرزاییەکەی چەندە و... هتد؟ هەموو ئەم پرسیارانە بە ەلامنەدراوەیی دەمێننەوە و بیرکردنەوەشـم لەم ڕووانەوە [واتە لە ڕووی وڵامـدانەوەی ئەم پرسیارانەوە] دیاری نەکراوە، چــونکە مــن بە نیاز نەبــووم بیر لە درەختێکی دیاریکراو بکەمەوە، بەڵکوو ویستوومە بیر لە درەخــت بە گشــتی بکەمەوە. بەڵام تــاکە شــت وادەکات مــن نکۆڵی لە بــوونی واقعی ئەو درەخــتە گشــتییە بکەم ئەوەیە کە ئەو درەخــتە دیارینەکراوە. هەمــوو شــتێکی واقعی ژمــارەیەکی کۆتــاداری تــایبەت بە خۆی لە هەمــوو ئەو چۆنــایەتییانەی هەیە کە شــتە واقعییەکان دەشێت هەیانبێت، ئینجا وەکوو چۆن شتەکە شتێکی واقعییە بە هەمان شێوە تـا پلەیەکی کۆتـادار لە هەر کام لەم چۆنـایەتییانە بەهـرەمەنـدە. گەرچی ئەوەشـم قـبووڵە کە

دەشێت هیچ تـاکە شـتێک بـوونی نەبێت کە مـن بـتوانـم یەک بە یەکی چۆنـایەتییەکانی بە تەواوەتی دەستنیشان بکەم یان پێوانەیان بۆ دابنێم.

بەڵام سروشت بەوەی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە لە دەستم دەفرێت. ئەوە من هێشتا باسی ئەم ساتەوەختە دەکەم کە سروشتم لە ناو دەستەکانمدا گرتووە، کەچی ئەو لە هەمانکاتدا ڕۆیشتووە و هەمـوو شـتەکانی گۆڕانیان بەسەردا هـاتـووە. ئینجا بەهەمـان شێوە بەر لەوەی بیشیگرم هەموو شتەکانی جیاواز بوون [لەوەی کاتی گرتنەکەی و پاش گرتنەکەی]، شتەکان هەمیشە لەوەوپێش هەر ئەوە نەبـوون کە بـوون وەک ئەوەی مــن گــرتــبوویانــم، بەڵکوو شتەکان ئەوە بوون کە دوواتر دەبن.

کەواتە دەپـرسـم: شـتەکان بۆچی و لە کام هۆکارەوە هـاتـنەبـوون وەکوو ئەوەی کە بـوون؟ بۆچی ســروشــت لەم ســاتەوەخــتەدا و لەنێوان ژمــارەیەکی بێکۆتــا چۆنــایەتی دیاریکەری جۆراوجۆردا -کە شیـاوە بۆ ســـروشـــت کە وەریـانـــبگـرێـت- ڕێک ئەوانە وەردەگـــرێت کە وەریگرتوون و ئەوانیتر وەرناگرێت؟

هۆکــارەکەی ئەمەیە: لەبەر ئەوەی پێــش ئەم چۆنــایەتییە دیــاریکەرانە، ڕێک ئەو مەرجـــانە هاتوون کە لە ڕاستیدا لەوەوپێش بوون و جگە لەوان هیچ مەرجێکی تر لە ناو هەموو مەرجە مومکینەکاندا لەپێشتر نەبووە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم چۆنایەتییە دیاریکەرانەی ئێستای شـتەکە، دووای ئەو مەرجـانە هـاتـوون و دووای هیچ مەرجێکی مـومکینی تـر لەپێشتر نەبووە. گەر شـتێک لە سـاتەوەخـتەکەی پێشووتـردا بە تۆزقـاڵێکیش جیاواز بـوایە لەوەی کە هەبـوو، ئەوە لە ساتەوەختەکەی ئێستاشدا شتێک لە شتەکەدا جیاواز دەبوو لەوەی کە هەیە. بەڵام ئەوە چیبوو وایکرد لە سـاتەوەخـتەکەی پێشووتـردا، هەمـوو شـتەکان بـبن بەوەی کە بـوون؟ ئەوە ئەمەیە: ئەو ساتەوەختەی کە پێش ساتەوەختەکەی پێشووتر هاتبوو، هەموو شتەکان وەهـا بـوو کە لەو سـاتەوەختەدا بـوو. ئینجا ئەو سـاتەوەختەش وابەسـتەی ئەو سـاتەوەختە بووە کە پێش ئەو هاتووە، ئینجا ئەمەی دووایيشیان جارێکی تر وابەستەی ئەوەیان بووە کە پێشی ئەو هاتووە و ئەمە هەتا ناکۆتا دەڕوات. بەهەمانشێوە، لەو ساتەوەختەدا کە دووای

ئەم ساتەوەختەی ئێستاش دێت، سروشت بەو شێوەیە دیاری دەبێت کە دیاری دەبێت چونکە لەم ساتەوەختەی ئێستادا سروشت بەو شێوەیە دیاریبووە کە دیاریبووە. ئینجا گەر لەم ساتەوەختەی ئێستادا تەنانەت یەک تۆزقاڵە شتیش جیاواز بوایە لەوەی کە هەیە، ئەوە لە ساتەوەختەکەی دووای ئەویشدا شتێک بە زەروورەت جیاواز دەبوو لەوەی کە هەیە. هەروەها لەو ساتەوەختەدا کە دەکەوێتە پاش ساتەوەختەکەی دوواتریش، هەموو شتەکان وەکوو ئەوە دەبن کە هەن، لەبەر ئەوەی لە ساتەوەختەکەی دوواتردا [کە دەکەوێتە پێش ساتەوەختەکەی پاش خۆی و دووای ساتەوەختی ئێستا] هەموو شتەکان وەکوو ئەوە دەبن کە هەن. ئینجا ئەو ساتەوەختەی کە دەکەوێتە دوای ئەو ساتەوەختەی دواترەوە جارێکی تر وابەستەیە بەم ساتەوەختەی دواتر [کە دەکەوێتە پێش ئەو]، وەکوو چۆن ئەو ساتەوەختەی دواتریش [کە کەوتووەتە پێش ساتەوەختەکەی دوای خۆی] وابەستەیە بە ساتەوەختەکەی پێش خۆی و ئەمە بەم شێوەیە هەتا ناکۆتا بەردەوام دەبێت.

سروشت بێوچان بە ناو زنجیرەیەک لە چۆنایەتییە دیاریکەرەکانی خۆیدا هەنگاو دەنێت: بەڵام گۆڕانی ئەم چۆنایەتییە دیاریکەرانە گۆڕانێکی بێ-یاسا نییە، بەڵکو گۆڕانێکی یاسادارە. ئەوەی لە سروشتدا بوونێکی هەیە، بە زەروورەت وەهایە کە هەیە و مەحاڵە جیاواز ببوایە لەوەی [کە] هەیە. من دەکەومە ناو زنجیرەیەکی نەپچڕاو لە دەرکەوتەکان، چونکە هەرکام لە بەستێنەکان بە هۆی ئەوەی پێش خۆیەوە دیاری دەکرێت و خۆیشی ئەوە دیاری دەکات کە دووای خۆی دێت: ئەوەی من دەکەومە ناویەوە، پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی نێوان دەرکەوتەکانەوە، تەنیا بە بیرکردنەوە لە هەر کام لە ساتەوەختەکانەوە دەشێ هەموو مەرجە مومکینەکانی گەردوون بدۆزمەوە. گەربێتو هۆکار بە هۆکار بگەڕێمەوە دوواوە ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئەم ساتەوەختە دیاریکراوەی سروشتی پێ ڕوون بکەمەوە، و هەروەها بمهەوێت ڕوو بە پێشەوە بڕۆم و ساتەوەختی دیاریکراوی تر بدۆزمەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئەنجامێک لەم ساتەوەختەوە دەربکێشم. گەر بگەڕێمەوە دوواوۆ ئەوە بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێم کە ئەم ساتەوەختەی سروشت لە ڕێگەیەوە [ڕاستەقینەی و] کردەیی بووەتەوە و ئەگەر بچمە پێشەوە، ئەوە بە دووای ئەو دەرئەنجامانە دەگەڕێم کە [دوواتر] بە زەروورەت

لەم ساتەوەختەی سروشت دەکەونەوە. لە هەر کام لە بەشەکانەوە من دەتوانم گشت وەربگرم، لەبەر ئەوەی هەر کام لە بەشەکان **تەنیا** لە ڕێگەی گشتەوە ئەوەن کە هەن، وە لە ڕێگەی گشتەوە هەر کام لە بەشەکان بە **زەرووڕەت** ئەوەن کە هەن.

کەواتە من ئێستا پەیم بە چی بردووە؟ گەر بەسەرداچوونەوەیەکی گشتی بۆ بکەم دەبینم جەوهەری ئەوەی پەییم پێ بردووە ئەمەیە: بۆ هەر حاڵەتێکی **وەبووندا**[3] دەبێت **بوونێک** بەرگریمانە بگرین کە لێیەوە و لە ڕێگەیەوە هاتەتەبوون. پێشگری هەی مەرجێک مەرجێکی دیکەیە و هەر بوونێک بوونێکی دیکەیە و نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بدەین هیچ شتێک لە هیچەوە هاتبێتە بوون [واتە بووبێت بەوەی کە هەیە].

با بۆ ماوەیەک لەسەر ئەم بابەتە بنیشمەوە و پەرەی پێبدەم و بۆ خۆمی ڕوون بکەمەوە ناوەڕۆکەکەی چییە و دەیهەوێت چیم پێم بڵێت! چونکە هیچ دوور نییە کۆی سەرکەوتنی من لە لێکۆڵینەوەکانی دوواتردا وابەستە بێت بەو تێگەیشتنە ڕوونەی لەم خاڵە لە بیرکردنەوەکانمدا هەمە.

سەرەتا بەم پرسیارە دەستم پێکرد: بۆچی و لە کام هۆکارەوە خەسڵەتە دیاریکەرەکانی ئابجێکتەکان لەم ساتەوەختەی ئێستادا ڕێک ئەوەن کە هەن؟ ئینجا بە بێ هیچ بەڵگەیەکی تر و بە بێ ئەوەی کەمترین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم هاتم و ئەمەم بە شتێک دانا کە بە شێوەیەکی گشتی زانراوە، واتە بە شتێکی حەقیقی و دڵنیام زانی کە بێنێوانجی[4] و بەئاشکرایی پەی پێ دەبردرێت -بێگومان وەهاشە و تا ئێستاش هەروا بیری لێدەکەمەوە کە وەهایە و لە داهاتووشدا هەمیشە وەها دەبێت-، واتە من وەهام دانا ئەو خەسڵەتە دیاریکەرانە هۆکارێکیان هەیە: کە ئەم خەسڵەتە دیاریکەرانە بوون و واقعیەتیان هەیە؛ ئەم بوونە و واقعیەتە لە ڕێگەی خۆیانەوە نییە بەڵکوو لە ڕێگەی شتێکەوەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی

---

[3] Becoming

[4] Immediate

خۆیان. من پەیم بەوە برد کە بوونی خۆیان بۆ ئەوەی لێکدەرەوەیەکی گونجاو بۆ بوونیان بێت بەس نییە و بۆیەش هەر لەبەر خۆیشیان بێت دەبێت بـــوونێکی دیکە گـــریمانە بـــگرم کە دەکەوێتە دەرەوەی خۆیانەوە. بەڵام سەرسام بووم کە بۆچی من گەیشتم بەوەی بوونی ئەم چۆنـــایەتی یان خەسڵەتە دیاریکەرانە خۆی بەس نییە؟ بۆچی گەیشتم بەوەی کە ئەم بـــوونە بـوونێکی نـاتەواوە؟ ئەوە چییە لەوانـدایە و ئەم کەمـوکورتیی و نـاتەواوییەم بۆ دەدرکێنێت؟ گـومـانی تێدا نییە ئەوەی ئەم کەمـوکورتییەم بۆ دەدرکێنێت ئەمەیە: بەر لە هەمـوو شـتێک ئەم چۆنایەتییە شتێک نین لە خۆیاندا و تەنیا بۆ خۆیان هەبن، بەڵکوو تەنیا وەکوو چۆنایەتی لە شتێکی تردان، واتە چۆنایەتییەکانی شتێکن کە چۆنایەتی پێبەخشراوە، فۆڕمەکانی [یانیش نیشانە شێوەییەکانی] شـــتێکن کە فۆڕمیان پێ بەخشـــراوە، هەروەهـــا شـــتێک [هەیە] ئەم چۆنـایەتییانە وەخۆدەگـرێت و ڕایانـدەگـرێت، ئینجا بۆ ئەوەی چۆنـایەتییەکان شیانی ئەوەیان تێدا بێت بیریان لێبکەینەوە دەبێت هەمـووکات بە شێوەیەکی پێشینی بەگـریمانەی بـگرین -ئەمە بە دەربڕینی قـــوتـــابـــخانە فەلـــسەفییەکان **جەوهەرە** بۆ چۆنـــایەتییەکان-. جیا لەمە، ئەوەی کە ئەم جەوهەرە چۆنـــایەتییەکی کۆتـــاداری هەیە ئـــامـــاژەیەکە بەوەی جەوهەرەکە دۆخی وچـانی هەیە، یانیش ڕێگرییەک لەبەردەم گۆڕانەکانیدا و وەســتانێک بۆ وەبـوونەکەی. گەربێـــتـــو ئەم جەوهەرە بکەوێـتە نـــاو دۆخی گۆڕانەوە، ئەوە چیـــتـــر لە نـــاو جەوهەرەکەدا دیاریکراوییەتی[5] بـــوونی نییە، بەڵکوو تەنیا گـــواســـتنەوەیەکی بێکۆتـــایی لە دۆخێکەوەیە بۆ دۆخێکی پێچەوانە. کەواتە دۆخی دیاریکراوییەتی شـتێک دۆخی نـاچـالاکییەکی ڕووتە یانیش ئـامەژەیەکە بەو دۆخە، نـاچـالاکیی ڕووتیش بـریتییە لە بـوونێکی نـاتەواو [نـاکامڵ]. لێرەدا پێویست بە چـالاکییەک [تـوخـمێکی چـالاک] دەکات کە لەگەڵ ئەم نـاچـالاکییەدا [یانیش تـوخـمە نـاچـالاکەدا] هـاوکۆک بێت، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە بۆمـان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە و بە هۆی ئەوەوە ئەم ناچالاکییە بەر لە هەموو شتێک شیانی ئەوەی تیادا بێت بیری لێبکرێتەوە، یانیش بە دەربڕینێکی باو: چالاکییەکە بنەمای ئەم ناچالاکییە هەڵدەگرێت.

---

**5** Determinateness

کەواتە مـن بە هیچ شێوەیەک لەسەر ئەو بۆچـوونە نەبـووم و هیچ شـتێکیش نەبـووە وام لێبکات پێموابێت دیاریکردنە یەک لەدووای یەک و جیاوازەکانی سروشت، بەرهەمی یەکترن. بە مـانـایەکی تـر مـن وام بیر نەکردووەتەوە کە دۆخی هەنـووکەیی شـتەکە خۆی خۆی لەنـاو دەبـات و لە سـاتەوەخـتەکەی دوواتـردا، کاتێک کە خۆی هەر بـوونی نەمـاوە، دۆخێکی تـری شتەکە بخاتەوە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو بگرێتەوە، لە کاتێکدا نە ئەم دۆخە دۆخەکەی پێشووە و نە دۆخەکەی پێشووشـــو هەڵگرتـــووە. ئەوەی ڕاســـتی بێت ئەمە هەر نـــاچێتە عەقڵەوە. دۆخێک لە شتەکان نە خۆی و نە شتێکی تر لە دەرەوەی خۆی بەدی ناهێنێت.

بۆیەش بۆ تێگەیشتن لە هـاتـنەئـارا و گۆڕانی وردەوردەی دیارکەرەکان دەبـوایە بیر لە **هێزێکی چالاک** بکەمەوە، کە تایبەتە بە شتەکە و زاتی بنەڕەتی شتەکە پێکدەهێنێت.

ئـــایا مـــن چ تێگەیشتنێکم بەرامـــبەر بەم هێزە هەیە؟ ســـروشـــتی ئەم هێزە و شێوازی خۆ-ئـــاشکراکردنەکەی چییە؟ هەر ئەوەنـــدە دەزانـــم کە ئێستا بـــاسی دەکەم: ئەم هێزە، لەم هەلـومەرجە تـایبەتـانەدا، بە خۆی و لە پێناو خۆیدا و هەروەهـا بە دڵنیایی تەواوەوە بە بێ هەڵەکـردن، تەنیـا ئەم هۆکـردانە[6] وەدیـدەهێـنێـت و جـــگە لەمـــانە هیـچ هۆکـردێکی تـــر وەدیناهێنێت.

بـنەمـای چـالاکی، وەدیهاتـن و وەبـوون **لەخۆدا** و **بۆخۆ** لەنێو ئەم هێزەدایە و ئەم هێزەش بە تەواوەتی لە نـاو خۆیدایە و لە هیچ شـتێکی تـری دەرەوەیدا نییە. ئەم هێزە پـاڵ نـانـرێت و نـاخـرێتە جـووڵە، بەڵکوو خۆی خۆی دەخـاتە جـووڵە. هۆی ئەوەی ئەم هێزە ڕێک بەم شێوازە دیاریکراوە گەشە دەکات، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هێزەکە خۆی چـونکە ئەمە ئەو هێزەیە کە گەشە دەکات و هیچ هێزێکی تـر نییە، بەشەکەی تـریشی بۆ ئەو دەوروبەرانە دەگەڕێتەوە کە ئەو تیایدا گەشە دەکات. ئەمـانە هەردووکیان، واتە هەم دیارکردنی ناوەکی هێزەکە بەخۆی و هەمیـش دیـاریکـردنی دەرەکی لە ڕێگەی دەوروبەرەکەوە، دەبێـت یەکـبگـرن بۆ ئەوەی گۆڕان درووست بکەن. ئەمەی دووایین، واتە دەوروبەرەکە، کە بوونی وەستاو [ستاتیک] و مانەوەی

[6] Effect

شــتەکانە، خۆی هیچ وەبــوونێکی لێناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆی هەڵگری دژایەتی هەمــوو وەبوونێکە، واتە هەڵگری مانەوەیەکی وەستاوە. بەڵام ئەوەی یەکەمیان، واتە هێزەکە، وەکوو چۆن بیرلێکراوەیە بە هەمـانشێوەش بە تەواوەتی دیاریکراوە. بەڵام دیاریکراوییەتی هێزەکە بە هۆی ئەو دەوروبەرەی هێزەکە تیایدا گەشە دەکات کامڵ دەبێت. مـن تەنیا وێنای یەک هێزم لە لایە، بە مـانـایەکی تـر، لای مـن کاتێک هێزێک بـوونی هەیە کە مـن لە هۆکردەکەی تێبگەم. ناشێت بیر لە هێز بکەینەوە و بە هێزی بزانین نەک بە شتێکی وەستاو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو هێـزە بێ هۆکـرد بێـت. هەمـــوو هۆکـردێک دیـاریکـراوە، چـــونکە هەمـــوو هۆکـردێک شــوێندانــانە، یان شێوەیەکی تــر لە چـالاکییە کارتێکەرەکەی خۆیەتی. هێزی کارتێکەر لە نــاو چـــالاکییەکەی خۆیدا دیاریکراوە، بنێشەی ئەم دیاریکراوییەتییەش بەشێکی دەکەوێتە نـــاو هێزەکە خۆیەوە، چـونکە گەر ئەمە نەبێت ئەوە بە هیچ شێوەیەک نـاتـوانین وەکوو شـتێک تـاکانە بیری لێبکەینەوە کە بە پشـتبەسـتن بە خۆی بـوونی هەیە، بەشەکەی تـری بـناغەی ئەم دیاریکراوییەتییە دەکەوێتە دەرەوەی هیزەکەوە، چونکە دیاریکراوییەتی ئەم هێزە تەنیا وەکوو دیاریکراوییەتییەکی مەرجدارکراو دەکرێت بیری لێبکرێتەوە.

ئەوەتـــا لێرەدا گـــوڵێک سەری لە خـــاک دەرهێناوە و شین بـــووە، لەمەوە پەی بە هێزێکی شێوەبەخشی[7] نـاو سـروشــت دەبەم. بـوونی ئەم هێزە شێوەبەخـشە بۆ مـن تەنیا تـا ئەو شـوێنەیە کە مـن وشیاریم بەرامبەر بەم گوڵە و گـوڵەکانی تر، یانیش ڕووەکەکان بە گشـتی و زیندەوەرەکان هەیە، مــن تەنیا لە ڕێگەی هۆکردەکەیەوە دەتــوانـم وەسفی ئەم هێزە بکەم، ئینجا لای مــن ئەم هێزە جــگە لەوەی کە ئێستا بـاسی دەکەم هیچی تــر نییە: واتە ئەم هێزە ئەوەیە کە هۆکـردی لێ دەکەوێتەوە و گـــوڵەکـان، ڕووەکەکـان، زینـدەوەرەکان و بە گشــــتی هەمــوو شێوە ئۆرگــانیکەکان شکڵ دەبەخشێت. جیا لەمە بە بۆچــوونی مــن لەم جێگەیەدا گـوڵێک، بـا بڵێم ئەم گـوڵە دەسـتنیشانکراوەی بەردەمـم، تەنیا ئەو کاتە دەڕوێت کە هەمـوو هەلـــومەرجەکـان لە پێـنـاو مـــومکیـن کـردنی ئەم ڕووانەدا یەکـبـگـرن. بەڵام هێـشـتـاش ئەم

7 Formative

یەکگرتنەی هەموو هەولومەرجەکان، کە بۆ شیان پێویستە، ناتوانێت ڕاستەقینەیی[8] گوڵم بۆ ڕوون بکاتەوە: لە پاڵ ئەم یەکگرتنەدا دەبێت گریمانەی هێزێکی تایبەت و بنچینەیی سروشت بکەم کە بەخۆی چـــالاکە، جیا لەمە بێگومـــان دەبێت گـــریمانەی هێزێکیش بکەم کە گـــوڵ بەرهەم دەهێنێت، چـــونکە لەوانەیە هێزێکی تـری نـاو سـروشــت لە نـاو هەمـان کۆمەڵە هەلـومەرجـدا شـتێکی تەواو جیاوازی بەرهەم هێنابـایە. کەوابێت مـن سەبارەت بە گەردوون بەم تێڕوانینەی لای خوارەوە گەیشتووم.

کاتێک مـن وەکوو یەکبوون، وەکوو یەک سـروشـت، بیر لە کۆی شتەکان دەکەمەوە، ئەو کاتە تەنیا یەک هێز لە ئـــارادایە، بەڵام کاتێک وەکوو کۆمەڵێک شـــتی جیا لە یەک بیر لە شـــتەکان دەکەمەوە، ئەو کاتە چەنــدەهـــا هێز لە ئـــارادا هەن کە بە پێی یاســـا نـــاوەکییەکانی خۆیان پەرەدەسـتێنن و بە نـاو هەمـوو ئەو فۆڕمـانەدا گـوزەر دەکەن کە وەکوو تـوانـا هەڵگریانـن؛ هەمـوو شــتەکانی نـاو سـروشــت هیچ نین جـگە لە خــودی ئەو هێزانە کە بە شێوازێک لە شێوازەکان دیاریکراون. ئـــاشکرابـــوونی هەر یەکە لە هێزە ســـروشـــتییە تـــایبەتەکانیش ئـــاشکرابــوونێکی دیاریکراوە، بەو مـــانـــایەی هەر کامیان وەکوو ئەوەی هەیە دێتەبــوون؛ ئەم هـــاتـــنە بـــوونەش بەشێکی بە هۆی بـــوونی ســـروشـــتیی هێزەکەوەیە، بەشێکی بە هۆی ئـــاشکرابــوونەکانی پێشوویەتی و بەشێکی تـریشی بە هۆی هەمـوو هێزە سـروشـتییەکانی تـرەوەیە کە پەیوەسـتن بەم هێزەوە؛ بەڵام چـونکە سـروشـت گشـتێکی پێکەوە-بەسـتراوە کە هەمـوو بەشەکانی پێکەوە لە پەیوەنـدی دان، هەر بۆیەش سـروشــت وەکوو گشــت لەگەڵ هەموویاندا لە پەیوەندیدایە. کەواتە [هێزی] سروشـت بە شێوەیەکی نەگۆڕ دیاریکراوە. گەر ئەم هێزە وەکوو ئەوەی لە ناو بوونی سروشتی و بنەڕەتی خۆیدا هەیە، بێتەبوون و لە ناو ئەم هەلـومەرجـانەدا ئـاشکرا ببێت، ئەوە ئـاشکرابـوونەکەی بە زەروورەت وەکوو ئەوە دەبێت کە هەیە و مەحاڵە بە تۆزقاڵیش جیاواز بێت لەوەی کە هەیە.

---

**8** Actuality

سروشت لە هەموو ساتەوەختەکانی ماوەی خۆیدا گشتێکی پێکەوە-بەستراوە: هەر بەشێک لە بەشەکانی دەبێت لە هەموو ساتەوەختەکاندا وەکوو ئەوە بێت کە هەیە، چونکە هەموو بەشەکــانی تــر وەکــوو ئەوە هەن کە هەن؛ هەر بۆیەش هەر کــات جێــگەی ورکە زیــخێک دەگۆڕین، ئەوە لە هەمـانکاتـدا و بە بێ ئەوەی بە چـاو ببینین، شـتێکیشمان لەنێو هەمـوو بەشەکانی ئەم گشــتە بێ ئەنـدازەیە، گۆڕیوە. بەڵام هەر کام لە سـاتەوەخـتەکانی ئەم مـاوە سـروشـتییە بە هۆی سـاتەوەخـتەکانی پێشووتـرەوە دیاری دەکرێت و خۆیشیان هەمـوو سـاتەوەخـتەکانی داهـاتـوو دیاری دەکەن. بۆ نـموونە بۆ ئەوەی لەم سـاتەوەخـتەی ئێستادا بــتوانین بیر لە شێوە هەڵکەوتنێکی تــری ئەم زیخە -جیا لەوەی هەیە- بکەینەوە، دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە کە هەمـوو مـاوەی بێکۆتـای رابـردوو و هەمـوو مـاوەی بێکۆتـای داهـاتـوو دەبێت جیاواز بـووبێت و جیاواز بێت لەوەی هەبـووە و دەبێت. گەر حەز دەکەن لەسەر ئەم زیخەڵەیە تــاقی بکەنەوە کە بــا لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و لێرەدا دەیبینن، وای دانێن ئەم زیخەڵەیە چەنــد هەنــگاوێک لەژوورتــری وشکایی بــوایە، لەم حــاڵەتەدا تۆفــانێک کە ئەم زیخەڵەیەی لە دەریاوە گەیانـدبـووە ئەو شـوێنە گـریمانەیی نـاو وشکایی دەبـوایە بە هێزتـر بووبێت لەو تۆفانە ڕاستەقینەیەی کە ئەم زیخەڵەیەی گەیاندووەتە ئەو شوێنە ڕاستەقینەیە. ئینجا بــارودۆخە کەش و هەواییەکانی پێش تۆفــانەکەش کە تۆفــانەکەیان لێکدەکەوێتەوە بـارودۆخەکانی پێش ئەوانیش کە ئەوانی دیاریکردووە و هێزی نـاو بـاردوخەکانیش دەبـوایە جیاواز بـووبێن لە بـارودۆخ و هێزی بـارودۆخە ڕاسـتەقینەکە کە بە کردە ڕوویداوە؛ ئینجا گەر هەر بەم شێوەیە و بە بێکۆتـایی و بە بێ سـنوور بەردەوام بـن ئەوە تـووشی پـلەی گەرمییەکی تەواو جیاواز دەبــن لەوەی بە کردەوە هەیە و هەروەهــا ڕێتان لە ســروشــتێکی جیاوازی تەنەکانیش دەبێت کە کاریگەرییان لەسەر پــلەی گەرمییەکە دانــاوە و پــلەی گەرمییەکەش کاریگەری لەسەر ئەوان دانــاوە. هیچ گــومــانی تێدا نییە کە پــلەی گەرمی کاریگەرییەکی چارەنووسساز لەسەر بەپیتبوون یان بێپیتبوونی خاکی وڵاتان دادەنێت، هەر لەم ڕێگەیەوە و تەنانەت بە ڕاسـتەوخۆ، زیاتـرین کاریگەریش لەسەر بەردەوامی ژیانی مـرۆیی دادەنێت. بـاشە چۆن بە دڵنیاییەوە بــزانین؟ لە کاتێکدا ڕێگەی ئەوەشــمان پێنەدراوە بچینە نــاو نهێنییە

ناوەکییەکانی سروشتەوە و هەر بۆیەش دەبێت بەوەندە بوەستین کە ئاماژە بە کۆمەڵێک ئیمکان بدەین. چۆن بە دڵنیاییەوە بزانین ئاخۆ لەو بارودۆخە  کەش وهەواییەی گریمانەمان کرد و بۆ ڕادانی ئەم زیخەڵەیە بەرەو ژوورتری وشکایی پێویست بوو، یەکێک لە باوباپیرانمان بە هۆی برسێتی یان شەختە یانیش گەرماوە نەمردبایە، بەر لەوەی ئەو کوڕەی هێنابایە دونیا کە ئێمە وەکوو نەوە لەو کەوتووینەتەوە؟ چۆن بزانین ئێمە دەشیا نەبووینایە و هەموو ئەو شتانەش کە پلانیان بۆ دادەنێین دەشیا لە داهاتوودا نەهاتبانە بوون، هەموو ئەمانەش تەنیا لەوێوۆیە کە زیخەڵەیەک لە جیگەیەکی جیاواز بوایە [لەوەی کە ئێستا لێیەتی].

مـن خۆم، هـاوشـان لەگەڵ هەمـوو ئەو شـتانەی بە هی خۆم نـاوزەدیان دەکەم، ئـاڵقەی زنجیرێکم لە ناو ئەم زنجیرە سەختەی زەرووڕەتدا. سەردەمێک هەبووە کە من هێشتا بوونم نەبووە و ساتەوەختێکیش هەبووە کە من تیایدا هاتوومەتە بوون، من لە خەڵکی دەبیستم کە ئەو سەردەمە هەبـووە، ئەوان لەو سەردەمەدا ژیـاون، مـنیـش بە نـاچـار بە هۆی ئەنجامگیرییەوە ئەو سەردەمە گریمانە دەکەم کە خۆم بەراستەوخۆ وشیاریم نییە پێی. کە هاتوومەتە بوون جاریێ هێشتا بوونم بۆ خۆم نەبووە، بەڵکو تەنیا لای ئەوانیتر هەبووم. بەڵام دووای ئەو کاتە، وشیاریم-بە-خۆم وردە وردە گەشەی سەنـدووە و لە نـاو خۆمـدا پەییم بە کۆمەڵێک تـوانسـت، خەسڵەتی بـنەڕەتی، پێویستی و حەزی سـروشـتی بـردووە. مـن بـوونێکی دیاریکراوم کە لە ساتەوەختێک لە ساتەوەختەکاندا هاتوومەتە بوون.

مـن  لە-خۆمەوە نەهاتوومەتە بوون. ئەمە ئەوپەڕی گەمژەییە گەر وابزانرێت مـن بەر لەوەی بوونم هەبووبێت بوونم هەبووە بۆ ئەوەی خۆم خۆم بهێنمە بوون. مـن هـاتمەتە بوونێکی ڕاسـتەقینە لە ڕێگەی هێزێک لە دەرەوەی خۆمەوە. لەبەر ئەوەی مـن بەشێکم لە سـروشـت، کەواتە ئەم هێزەش جگە لە هێزە گشتییە سروشتییەکە ناکرێت هیچ هێزێکی تر بێت. کاتی هاتنەبوونم و ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییانەی کە لەگەڵ مندا هاتوونەتە بوون لە لایەن ئەم هێزە گشـتییەی سـروشـتەوە دیاریکراون؛ ئەوجـار شیوازە جۆراوجۆرەکانی ئـاشکرابـوونی ئەم تایبەتمەندییانە -لەو کاتەوە ئاشکرابوون و هەتا ئەوکاتەی لە بووندا ماوم ئاشکرا دەبن- لە

لایەن هەمان ئەو هێزی سروشتییەوە دیاری دەکرێت. مەحاڵ بوو کەسێکی تر لە جیاتی من بێتەبوون؛ مەحاڵیشە بۆ ئەو کەسەی هاتووەتە بوون و ئێستا لە بووندایە -چ لە ئێستادا و چ لە هیچ ساتەوەختێکی بوونی لە داهاتوودا- کەسێکی تر بێت جیا لەوەی کە هەیە.

هەنـدێک لە دۆخەکانی مـن دەشێت ئـاگـاییان لەگەڵ بێت، هەنـدێکیان تەنـانەت وادیارن -وەکوو بیرکردنەوەکان و بڕیارەکان و... هتد- کە جگە لە کۆمەڵێک دیاریکردنی ئاگایی هیچی تـر نەبـن، بەڵام ئەمە نـابێت لە بیرکردنەوەمـدا تـووشی سەرلێشێوانـم بکات. ڕووەک هەر بە سـروشـتی خۆی ئـاوهـایە کە دەبێت بەپێی بەرنـامەیەک گەشە بکات، یان ئـاژەڵ دەبێت بەئامانجەوە بجووڵێت و مرۆڤیش دەبێت بیر بکاتەوە. بۆچی دەبێت مامەڵەیەکی ڕێزپەڕانە لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤدا بکەم و ئەوەش بە ئاشکرابوونی ئەو هێزە بنچینەییەی سروشت نەزانـم، لە کاتێکدا حـاڵەتی یەکەم [گەشەی ڕووەکەکە] و دووەم [جـووڵەی ئـامـانجـداری ئاژەڵەکە] بە ئاشکرابوونی ئەو هێزە دەزانم؟ جگە لە سەرسووڕمان هیچ شتێکی تر نییە وام لێبکات بیرکردنەوەش بە ئـاشکرابـوونی ئەو هێزە نەزانـم، لە کاتێکدا بیرکردنەوەش دوواجـار دەرئەنجامێکە لەو سروشـتە کەوتووەتەوە، کە لە چاو چۆنێتی شێوەگیربوونی ڕووەکەکان و جووڵەی تایبەتیی ئاژەڵەکان دەرئەنجامێکی باڵاتر و وردترە. بەڵام بۆچی دەبێت ڕێگە بدەم ئەم هەستی سەرسووڕمـانە کاریگەری لە سەر توێژینەوە هێمنەکەی مـن دابنێت؟ بێگومـان مـن ئەوەم پێ ڕوون نـاکرێتەوە کە هێزی سـروشـت چۆن بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئـایا دەتـوانـم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئـاخۆ ئەم هێزە چۆن پێکهاتەی ڕووەک و جـووڵەی ئـاژەڵ دەهێنێتە ئـاراوە؟ بە نیاز نیم خۆم تـووشی ئەم لادانە هــزرییە بکەم و تەنیا مــاددەکان لە تەنیشت یەکتر دابنێم و بیرکردنەوەی وەکوو ئـاکام لێ هەلێنجم. تۆ بڵێی بەم ڕێگەیە بـتوانـم قەوزەیەکیـش ڕوون بکەمەوە؟ ئەو هێـزە بـنـچیـنەییـانەی ســـروشـــت نە هی ئەوەن ڕوون بکرێنەوە و نە دەشکرێت ڕوونیان بکەینەوە، چـــونکە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە هەمـــوو ئەو شـــتانە ڕوون دەکەینەوە کە ڕوون کردنەوە هەڵدەگـــرن. وەکوو چۆن بیرکردنەوە دەبـــوایە هەبێت و هەشە، بە هەمـان شێوە ئەم هێزە شێوەدەرەی سـروشـتیش دەبـوایە هەبێت و هەیە. ئەمە لە سروشت دایە؛ ئەو بوونە بیرکەرەوەیە بە پێی یاسا سروشتییەکان دێتەبوون

و پەرەدەســتێنێت. کەواتە بیرکردنەوە بە هۆی ســروشــتەوە بــوونی هەیە؛ وەکوو چۆن لە ســروشــتدا هێزێکی شێوەبەخشی ڕیشەیی هەیە بە هەمــان شێوە لە ســروشــتدا هێزێکی ڕیشەیی بیرکردنەوەش هەیە.

هیزی ڕیشەیی بیرکردنەوە کە هێزی گەردوونە[9]، لە نــاو هەمــوو شێوەکانی دیاریکردنــدا کە شیاون و لە توانای دایە گەشە دەکات و پەرە بە خۆی دەدات، هەر وەکوو چۆن هەموو هێزە ســـروشـــتییە ڕیشەییەکانی تـــریش گەشە دەکەن و هەمـــوو فۆڕمە شیاوەکانی خۆیان وەخۆدەگرن. وەکوو ڕووەک، منیش دیاریکردنێکی تایبەتیی هێزە شێوەپێبەخشەکەم؛ وەکوو ئاژەڵ دیاریکردنێکی تایبەت لە هێزێکی جووڵێنەرم. لە پاڵ ئەمانەدا شێوە دیاریکردنێکی هێزی بیـرکردنەوەشـــم. ئینـجا ئەو خەسڵەتە جیاکەرەوەیە کە جۆری مـــن لە جۆرەکـانی تـــر جیا دەکاتەوە، یەکگرتنی ئەم سێ هێزە بــناغەییەیە لە نــاو یەک هێزدا، یەکگرتنی ئەم سێ هێزەیە لە نـاو گەشەسەنـدنێکی هـاوئـاهەنـگدا، وەک چۆن سیمای جیاکەرەوەی جیهانی ڕووەکەکان ئەوەیە کە ئەم جیهانە دیاریکردنێکە لە هێزی شێوەبەخش.

نە شێوە، نە جــووڵەی تـایبەت و نە بیرکردنەوەش لە مـندا وابەسـتەی یەکتر نین و نـاتـوانین یەکێکیان لەوەی تـــریان هەڵهێنجین. کاتێک مـــن بیر لە فۆڕم و جـــووڵەی خۆم دەکەمەوە، یانیش بیر لە فۆڕمەکانی و جووڵەکانی دەوروبەری خۆم دەکەمەوە، بیرکردنەوەی من لەوێوە نییە کە فۆڕم یان جووڵەکان ئـاوهـان کە هەن؛ بە هەمـان شێوە پێچەوانەکەشی ڕاسـتە، واتە ئەوانیش نــابــن بەوەی کە هەن چــونکە مـــن بیریان لێدەکەمەوە. بەڵکو فۆڕم و جـــووڵە و بیرکردنەوە هەرسێکیان سێ پەرەسەنـدنی هـاوکات و هـاوئـاهەنگی یەک هێز و هەمـان هێزن کە ئـــاشکـرابـــوونەکەی بە پێی زەروورەتێک دەبێـت بە بـــوونێک لە چەشـنی[10] مـــن کە لە هـاوئـاهەنگی دایە لەگەڵ خۆیدا. ئەنـدێشە لە مـندا سەرهەڵدەدات ڕێک وەکوو چۆن فۆڕم و جــووڵەی لەگەڵ هەردووکیان لە مــندا سەرهەڵدەدەن. مــن چــونکە بیری لێدەکەمەوە یان

[9] Universe

[10] Species

ئیرادەی دەکەم ئەو شتە نیم؛ هەروەها ئەوەی کە من وای بیر لیدەکەمەوە [واتە لە بوونی خۆم] و ئاوهام لەوێوە نییە کە من ئەوەم کە هەم. بەڵکوو من هەم [واتە بوونم هەیە] و هەمیش بیر دەکەمەوە. هەرچەندە بنەمایەکی باڵاتر بۆ هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا لە ئارادایە.

گەر ئەم هێزانە بە حاڵی خۆیان وازیان لێبهێنرێت و لە لایەن هیچ هێزێکی بێگانە و ڕیشەیی لە خۆیانەوە سەرکوت نەکرێن، ئەوە وەکوو چۆن ئاشکرایە هێزە ڕیشەییەکانی سروشت بوونیان لە پێناو خۆیاندایە و یاسا و ئامانجە ناوەکییەکانی خۆیانیان هەیە، بە هەمان شێوە گومانیشی تێدا نییە کە ئاشکرابوونەکانیان کە ڕاستەقینە و کردەیی بوونەتەوە بۆ ماوەیەک لە بەردەوامیدا دەمێننەوە و بە زنجیرەیەکی دیاریکراو لە گۆڕاندا دەڕۆن. هەر شتێک لە ساتەوەختی هاتنەبوونی شتەکەدا دیار نەمێنێت، ئەوە دەبێت بزانین کە ئەوە ئاشکرابوونێک نییە لە ئاشکرابوونەکانی هێزە بنچینەییەکە، بەڵکوو دەرئەنجامی کارکردنی پێکەوەیی چەندین هێزە. ڕووەکەکان، کە دیاریکردنێکی تایبەتن لە لایەن هێزە داهێنەرەکەی سروشتەوە، گەر بە حاڵی خۆیان وازیان لێ بهێنرێت، ئەوە هەر لە یەکەم ڕووانەوە هەتا پێگەیشتنی تۆوەکان بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆن. مرۆڤیش، کە دیاریکردنێکی تایبەتە لە لایەن پێکهاتەی هەموو هێزە سروشتییەکانەوە، هەر لە لەدایکبوونەوە هەتا مردن لە تەمەنی پیریدا بە ڕێگەی دیاریکراوی خۆیدا دەڕوات، گەر بە حاڵی خۆیان وازیان لێبهێنرێت. هەر ئەمەش ماوەی ژیانی ڕووەکەکان و مرۆڤەکان و هەروەها دیاریکردنە جۆربەجۆرەکانی [شێوازی] ژیانیانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەم فۆڕمە، ئەم جووڵە تایبەتییە، ئەم بیرکردنەوەیە، کاتێک لە هەماهەنگیدان پێکەوە، هەروەها ئەم خۆڕاگرییەی هەموو چۆنایەتییە بنەڕەتییەکان لە ناو چەقی گۆڕانە ڕواڵەتییە جۆربەجۆرەکاندا، ئەمانە هەموو هی منن تا ئەو کاتەی من بوونێکی سەر بە چەشنەکەی خۆمم.

بەڵام بەرلەوەی من بێمە بوون، هێزی مرۆڤساز[11] (ئانترۆپۆژێنیک )پێشتر لە ناو چەندەها هەلومەرج و باردۆخی جۆراوجۆری دەرەکیدا خۆی دەرخستووە. ئەوە ئەم باردودۆخە

11 Anthropogenic

دەرەکییانەن کە شێوازی ئەم چـالاکییە دیاری دەکەن، هەر بۆیەش لەوانــدا دەبێت بۆ ئەوە بــگەڕێین بۆچی تــاکەکەسێکی لەم شێوەیەی سەر بە چەشنی مــن ڕاســتەقینە دەبێتەوە. هەمان بارودۆخ ناشێت هیچکات بگەڕێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبوایە هەموو سروشت بگەڕابایەوە و ئەوجـار دەبـوایە لە بـری یەک سـروشـت دوو سـروشـت بـهاتـایەتە بـوون: هەر بۆیەش ئەو تاکەکەسانەی یەک جار بوونیان بووە، ئیتر هیچکات جارێکی تر بوونیان نابێتەوە. جیا لەمە، هێزی مـرۆڤساز لە هەمـان ئەو کاتەدا کە مـن بـوونـم هەیە و لە نـاو هەمـوو بـارودۆخە شیاوەکانی ئەو کاتەشـدا، خۆی دەردەخـات. هیچ پێکهاتەیەکی ئەم بـارودۆخـانە، ڕێک لەو پێکهاتەیەی بــارودۆخەکان نــاچێت کە منی هێنایە بــوون. مەگەر ئەوەی هەمــوو شـتەکان دابەش بـبنە سەر دوو جیهانی تەواو وێکچوو و سەربەخۆ. مەحـاڵە دوو تـاکەکەسی تەواو وێکچوو لە نـاو هەمـان کاتـدا پێکەوە بـوونیان هەبێت. هەر بۆیەش ئەوە دیاریکراوە کە مــن، واتە ئەم کەسە دیاریکراوە، دەبێت چی بــم؛ ئینجا ئەو یاســایەش کە مــن بە هۆیەوە ئەوەم، یاســایەکە بە شێوەیەکی گشــتی دۆزراوەتەوە. مــن ئەوەم کە ئەم هێزە مــرۆڤسازە **دەشێت** ببێت، لە کاتێکدا ئەم هێزە هەر ئەوە بووە کە بووە، وە تا ئێستاش لە دەرەوەی من هەر ئەوەیە کە هەیە، ئینجا لەگەڵ هەمــوو هێزە پێچەوانەکانی ســروشــتیشدا لە نــاو ئەم پەیوەندییە تایبەتییەدا ماوەتەوە. مادام ئەم هێزە **شیانی ئەوەی تێدا بووە** ببێت بە من هەر بۆیە بەزەروورەت **دەبــوایە** کە ببێت بە مــن، چــونکە ئەم هێزە لە نــاو خۆیدا هەڵگری هیچ مەرجێک نییە کە هێزەکە سنووردار بکات. من ئەوەم کە هەم چونکە لەم دۆخەی سروشت وەکوو گشتێک، تەنیا من شیاو بووم و جگە لە من هیچ کەسی تر شیاو نەبووە هەبێت. گەر زەینێک تێگەیشتنێکی قووڵ و تەواوی سەبارەت بە جیهانی سروشت هەبێت، ئەوە هەر لەو زانینەی لەسەر یەک تاکە مرۆڤ هەیەتی، دەتوانێت باسی ئەوەمان بۆ بکات چ مرۆڤگەلێک تا ئێستا لە بـوونـدا هەبـوون و چ مـرۆڤگەلێکیش لە داهـاتـوودا لە بـوونـدا دەبـن؛ ئەم زەینە لە تـوانـای دایە لە نـاو **یەک** تـاکەکەسـدا **هەمـوو** تـاکەکەسە وەدیهاتـووەکان ببینێت. ئەوە ئەم پێکبەسترانەوەیەی من و هەموو سروشتە کە دیاری دەکات من بە شێوەیەکی هەمەکی [لە ڕابردوودا] چیبووم و [لە ئێستادا] چیم و [لە داهاتوودا] چی دەبم؛ ئەوجار هەر هەمان زەین

دەتـوانێت بێ ئەوەی هەڵە بکات لە هەر کام لەو سـاتەوەخـتانەی کە بـوونـم تێدا بـووە ئەوە هەڵبهێنجێت کە مــن پێشتر چی بــووم و لە داهــاتــوودا چیم. مــن هەر چی بــم و بــبم بە هەرچییەک بە پێی زەروورەتێک هەم و بە پێی زەروورەتێکیـــــش دەبـــم بەوەی کە دەبـــم و مەحاڵە ببم بە هیچ شتێکی تر.

مـن وشیارییەکی بـاشـم بە خۆم وەکوو بـوونێکی سەربەخۆ هەیە، وەکوو بـوونێک کە لە زۆر بۆنەی ژیانیدا ئـازاد بـووە؛ بەڵام ئەم وشیارییە دەکرێت بە یارمەتی ئەو بـنەمـا بنچینەییانە زۆر بە بـاشی ڕوون بکرێنەوە، لە هەمـانکاتـدا تەواو لەگەڵ ئەو دەرئەنجامـانەدا تەبـایە کە پێشتر دامـمەزراندوون. ئەم ئاگاییە ڕاسـتەوخۆ و بێنێوانجییەی مـن یان ئەم پێزانینە گونجاوە، پەرە نــاسێـنێـت بەرەو سەرووتــر لە خۆم و دیـاریـکـراوەتییەکـانـــم. مـــن تەنیـا خۆم بەم شێـوە بێنێوانجییە دەناسـم. سەرووتر لەم منە، هەرچی شتێکی تر کە من توانای ناسینیم هەیە بە هۆی **ئـاکامگیرییەوە**[12] دەیزانـم. وەکوو چۆن هەر پێش ئێستا لە هێزی ڕیشەیی سـروشــت ئاکامم گرت، کە بە شیوازێکی تر نەدەکرا بێتە ناو پانتایی پێزانینی[13] منەوە. بەڵام من، با بڵێم ئەوەی بە "مـن" نـاوزەدی دەکەم، واتە کەسێتی مـن، خـودی ئەو هێزە مـرۆڤسازە نیم بەڵکوو تەنیا یەکێکم لە ئـاشکرابـوونەکانی ئەم هێزە: کاتێک مـن وشیارم بە خۆم، مـن تەنیا وشیارییم بەم ئاشکرابوونەی ئەم هێزە هەیە، نەک هێزەکە خۆی کە من لەبەر ئەوەی دەبێت خۆم ڕوون بکەمەوە ئاکامی لێ دەگـرم. ئەم ئـاشکرابـوونە، گەر لە سروشـتی ڕاسـتەقینەی خۆیدا سەیری بکەین، لە هێزێکی ڕیشەیی و سەربەخۆوە سەرچاوە دەگـرێت و لە نـاو ئـاگـاییدا وەکوو ئەوەی هەیە دەدۆزرێتەوە. هەر بۆیەش مــن خۆم بە بــوونێکی سەربەخۆ لەقەڵەم دەدەم. هەر ڕێک لەبەر ئەم هۆیەشە کە مـن لە چەنـدەهـا بۆنەی دیاریکراوی نـاو ژیانی خۆمـدا وەکوو بـوونێکی ئـازاد بۆ خۆم دەردەکەوم، واتە کاتێک ئەم بۆنـانە ئـاشکرابـوونی ئەو هێزە ڕیشەییەن و وەک بەشی مــن کەوتــوونەتە نــاو تــاکییەتــمدا. گەربیتو تەنیا لە ســنووری هێزی تــاکییەتیمدا

[12] Inference

[13] Perception

بمێنمەوە، ئەوە کاتێکە وا ناتوانم شتێک بکەم کە لە سنووری تواناییەکانی خۆمدایە؛ [بۆیە] خۆم وەکوو بـوونێک دەبینم دەسـت و پێی بەسـتراوە و سـنووری بۆ دانـراوە، واتە بە هۆی کۆبـوونەوەی هەمـوو ئەو بـارودۆخە دەرەکییانەوە بەسـتراومەتەوە کە لەو سەردەمەدا ڕوو دەدەن و ناکەونە ناو سنوورە ڕیشەییەکە کە لە ناو تاکییەتی خۆمدا دانراوە. ئینجا هەست بە گـوشـار دەکەم کاتێک هێزە دژەکانی تـر بەسەر ئەم هێزە تـاکییەدا زاڵ دەبـن بۆ ئەوەی نـاچـاری بکەن خۆی بە شێوازێک ئـاشکرا بکات کە تەنـانەت دژی [یاسـاکانی] سـروشـتی خۆیشییەتی.

ئاگایی ببەخشە بە درەخت و لێی گەڕێ با بە بێ بەربەست گەشەی خۆی بکات؛ لێی گەڕێ با لـق و پۆپ دەربکات و گەڵا، چەکەرە، شکۆفە و میوەی تـایبەت بە جۆرەکەی خۆی بێنێت. بێگومان درەختەکە هەست بەوە ناکات سنووری بۆ دانراوە بەوەی واهاتووە تەنیا بۆ ئەوەی ببێت بە درەخـت، واتە درەختێک کە تەنیا سەر بەم جۆرەیە، واتە تەنیا ئەم درەخـتە تـایبەتەی کە سەر بەم جۆرەیە؛ ئەو هەسـت بە ئـازادی دەکـات، چـونکە لە نـاو هەمـوو ئەو ئـاشکرابوونـانەدا هیچی تـر نـاکات جگە لەوەی کە سـروشـتی خۆی داوای لێدەکات، نـاشێت هیچی تریشی بوێت، چونکە تەنیا دەشێت ئەوەی بوێت کە سروشتی خۆی داوای لێدەکات. بەڵام بـا ئەمـجاریان بە هۆی کەش و هەوای نـاجۆر، یان بەخێوکردنی نەگـونـجاو یان هەر هۆیەکی ترەوە بەربەست بۆ گەشەکەی درووست بکەین؛ لەم حاڵەتەدا درەختەکە هەست بەوە دەکات سنووری بۆ دانراوە و ڕێگری لێدەکرێت، چونکە ئەو پاڵنەرەی لە ناو سروشتیدایە تێر نـابێت. لـقەکانی کە ئـازادانە هەوڵی خۆبڵاوکردنەوە دەدەن بە داربەنـدێکەوە ببەستنەوە، بە هۆی موتربەوە لقی بێگانەی بەسەردا بسەپێنن، لێرەدا درەختەکە هەست دەکات ناچار دەکرێت بە شێوازێکی تـایبەت ڕەفـتار بکات. گـومـانی تێدا نییە لەم حـاڵەتەشـدا لـقەکانی درەخـتەکە لە گەشەکردن بەردەوام دەبـن، بەڵام نەک بەو ئـاراسـتەیەی کە ئەگەر لێیان گەڕابایین دەشیا گەشە بکەن؛ دواجار درەختەکە میوەش دەهێنێت، بەڵام نەک ئەو میوەیەی سـروشـتە ڕیشەییەکەی خۆی داوای دەکرد. لە **خۆ-ئـاگـایی بێنێوانجی**، مـن وەکوو بـوونێکی ئـازاد بۆ خۆم دەردەکەوم. بەڵام کاتێک بیر لە هەمـوو سـروشـت دەکەمەوە، دەبینم ئەم

ئازادییە بە داخەوە مەحاڵە. مرۆڤ دەبێت لە ژێر فەرمانی سروشتدا بێت، چونکە تەنیا لە ڕێگەی سروشتەوە دەشێت مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە.

ئای کە زەینم چەندە ڕازییە بەو شتەی کە لەم دوکتۆرینەدا دۆزیویەتەوە! چ ڕێک و پێکییەک، چ پێکبەسترانەوەیەکی پتەو و چ هەڵسەنگاندێکی ئاسانی هێنایە ناو کۆی زانینم! ئاگایی چیتر بیگانەیەک نییە لە ناو سروشتدا کە پەیوەندیی بە بوونەوەرەکانەوە پەیوەندییەکی ناتێگەیشتنی بێت. ئاگایی، سروشت بە ماڵی خۆی دەزانێت و تەنانەت بە زەرووەرەت یەکێکیشە لەوانەی کە سروشت خۆی دیاریی کردووە. سروشت وردە وردە دەردەکەوێت لە ناو ڕیزبەندی دیاریکراوی وەدیهاتووەکانی خۆیدا. سروشت لە مادەی خاودا بوونێکی سادەیە؛ بەڵام لە مادەی ڕێکخراودا، سروشت دەگەڕێتەوە ناو خۆی، بۆ ئەوەی لەوێ، لە ناو خۆیدا، کار لە سەر خۆی بکات، بۆ ئەوەی خۆی فۆڕم ببەخشێت لە ناو ڕووەکدا و خۆی لە ناو ئاژەڵدا بجووڵێنێت. سروشت لە ناو مرۆڤدا، کە شاکارەکەیەتی، دەگەڕێتەوە ناو خۆی بۆ ئەوەی تەماشای خۆی بکات و لە خۆی ورد ببێتەوە، وەکوو بڵێی خۆی وەکوو نوسخەیەک لە ناو مرۆڤدا دووبارە دەکاتەوە و لە بوونێکی ڕووتەوە دەبێت بە بوون و ئاگایی لە یەکبووندا.

هەر لە ناو ئەم پەیوەندییەشدایە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە کە من چۆن لەسەر **بوونی خۆم** و دیاریکەرە بنەڕەتییەکانی زانینم هەیە. بوونی من و زانینی من هەمان بناغەی هاوبەشیان هەیە: کە بریتییە لە سروشتی من بە شێوەیەکی گشتی. هیچ بوونێک لە من دا نییە کە لە هەمانکاتدا زانینی لەسەر خۆی نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو بوونە بوونی منە. وەکوو چۆن ئاگایی بەرامبەر بە **شتە فیزیکییەکانی دەرەوەی خۆیشم** ئاگاییەکی تێگەیشتنییە. ئەو هێزانەی ئاشکرابوونیان کەسیەتی من پێک دەهێنن، واتە ئەو هێزە داهێنەرەی کە خۆجووڵێنەر و بیرکەرەوەیە لە مندا، ئەو هێزانە نین کە بە شێوەیەکی گشتی لە سروشتدا هەن، بەڵکوو بەشێکی تایبەتین لەو هێزانە. کاتێک دەڵێم ئەم هێزانە تەنیا ئەم بەشە دیاریکراوەن، هۆیەکەی ئەوەیە لە دەرەوەی من بوونەوەری تر هەن. لەمەی یەکەمیانەوە، واتە سنووردابوونەکەوە، ئەوەی دووەمیان، واتە هێزە سنووردانەرەکە

گریمانە دەکەم. لەبەر ئەوەی مـن ئەمە یان ئەوە نیم -کە بەشێکن لە زنجیرەی پێکبەستراوی گشتێتی بوون- هەر بۆیەش ئەمە یان ئەوە دەبێت لە دەرەوەی من بن. سروشتی بیرکەرەوە ئاوها لە ناو مندا بە شێوەیەکی عەقڵانی بیردەکاتەوە و گریمانە دەکات. من بێنێوانجی ئاگام بەسەر سـنووردارب‍ـوونی خۆم، لەبەر ئەوەی ئەم سـنووردارب‍ـوونە هی مـنە و تەنیا بە هۆی ئەوەوە بوونم هەیە؛ ئاگایی لەو شتەی کە سنووری بۆم داناوە، واتە ئاگایی بەوەی کە مـن خۆم نیم، بە هۆی سنوورداریێتییەکەوە نێوانجی کراوە و لەویشەوە سەرچاوە دەگریت.

کەواتە با ئەو کاریگەری و هۆکردانە لا بدەم کە گوایە شتە درەکییەکان لەسەر منی دادەنێن، هەروەهـا گـوایە شـتەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە زانینێک لەسەر خۆیان دەرژێننە نـاو مـنەوە، زانینێک نە لە نـاو شـتەکان خۆیانـدایە و نە لەوانیشەوە سەرچـاوە دەگـرێت. کاتێک وای دادەنێم شتێک لە دەرەوەی خۆم بوونی هەیە، هۆکاری ئەم گریمانەیە لە دەرەوەی من نییە، بەڵکوو لە ناو مندایە، واتە لە ناو سنوورداریەتی کەسیی خۆمدایە. سروشتە بیرکەرەوەکەی نـاو مـن لە ڕێگەی ئەم سـنووردارب‍ـوونەوە دەچێتە دەرەوەی خۆی و بەسەرداچـوونەوەیەکی گشتی بەسەر هەموو خۆیدا دەکات، بەڵام ئەمە لە هەر تاکێکدا لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە ڕوو دەدات.

بە هەمـان شێواز، لە نـاو مـندا چەمکی ئەو **ب‍ـوونەوەرانەش** دەردەکەوێت کە **وەکوو خۆم بیرکەرەوەن**. مـن یان سـروشـتە بیرکەرەوەکەی نـاو مـن، هەڵگری کۆمەڵێک بیرکردنەوەیە کە پێدەچێت وەکوو دیاریکراوێکی تـایبەتیی سـروشـت، لەو سـروشـتە بیرکەرەوەیەی نـاو مـنەوە هـاتبێنە بـوون، ئینجا هەڵگری کۆمەڵێک بیرکردنەوەشە کە پێناچێت لەو هێزە بیرکرەوەیەی نـاو مـنەوە هـاتبێنە بـوون. لە ڕاسـتیشدا هەر دەبێت وەهـا بێت. بێگومـان بیرکردنەوەکانی جۆری یەکەم بەشـداری تـاکانە و تـایبەتیی مـنە لە کۆی گشـتی ئەو بیرکردنەوەیەی لە نـاو سـروشـتدا هەیە. بیرکردنەوەکانی جۆری دووەمیش دەبێت لەوانەی پێشتر ئـاکامگیری کرابێتن، کە گـومـانی تێدا نییە دەبێت شـوێنێکیشیان لە نـاو کۆی گشـتی بیرکردنەوەی نـاو سروشتدا هەبێت؛ بەڵام مادام تەنیا بە ئاکامگیری پێیان گەیشتووین، کەواتە ئەو شوێنەیان

لە ناو مندا نییە، بەڵکوو لە ناو بوونێکی بیرکەرەوەی تردایە: لێرەوە من بۆ یەکەمجار دەگەم بەوەی بوونەوەری بیرکەرەوەی تر، سرووتر لە منەوە بوونی هەیە. بە کورتی سروشت لە ناو مــندا بەرامــبەر بە خۆی وەکوو گشــتێک وشیار دەبێت؛ ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێت کە لە ئـاگـایی تـاکیی مـنەوە دەسـت پێبکرێت و لەوێوە و لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە بە پێی بـنەمـای هۆکارێکی تەواوەوە بەرەو ئـاگـایی لە بـوونی گشـتی، درێژە بە ڕێگاکە بـدرێت؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە سروشت بیر لەو هەلومەرجانە دەکاتەوە کە تەنیا لەواندا ئەو فۆڕمە، جووڵە و بیرکردنەوەیە شیاو دەبـوو کە کەسییەتی مـن پێکدەهێنن. بـنەمـای هۆکاری تەواو، خـاڵی گواستنەوەیە لە تایبەتەوە[14]، کە خۆیەتی، بەرەو گشتی[15] کە دەکەوێتە ئەو دیو خۆی. مۆرکی جیـاکەرەوەی ئەم دوو جۆرە لە زانیـن بــریـتییە لەوەی یەکەمیـان پێـزانیـنێکی بێ-نێـوانییە و ئەوەی دووەمیان ئاکامگیرییە.

سروشت لە هەرکام لە تاکەکاندا خۆی لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە دەبینێت. من بە خۆم دەڵێم **مـن**، بە تۆ دەڵێم **تۆ**: تۆ بە خۆت دەڵێیت **مـن**، بە **مـن** دەڵێیت تۆ. بۆ تۆ، مـن دەکەومە دەرەوەی تۆوە، بۆ منیش تۆ دەکەویتە دەرەوەی مــنەوە. لە نێوان هەمــوو ئەو شــتانەی دەکەونە دەرەوەی مــنەوە، مــن بەر لە هەمــوویان لەوەیـان تێـدەگەم کە بە شێـوەیەکی ڕاســتەوخۆ ســنوورم بۆ دادەنێت، تۆش لەوانە تێدەگەیت کە ســنوور بۆ تۆ دادەنێن. لێرە بە ناو بەستێنەکانی دوواتر هەنگاو دەنێین، بەڵام هەر کام لە ئێمە باسی کۆمەڵێک زنجیرەی زۆر جیاواز دەکەین، کە دەشێت لێرە و لەوێ لە هەنــدێک خـــاڵدا تــووشی یەکتر ببینەوە، بەڵام هیچکات شــان بە شــانی یەکتر و بە هەمـان ئـاراســتەی یەکتر درێژە بە ڕێگاکەمـان نـادەین. هەموو تاکە مومکینەکان و لەوێشەوە هەموو گۆشەنیگا مومکینەکانی ئاگایی دەبن بە تاک و گۆشەنیگای ڕاستەقینە و وەدیهاتوو. ئەم ئاگاییەی هەموو تاکەکەکان گەر وەکوو گشتێک

---

**14** Particular

**15** General

سەیری بکەین، ئاگایی کامڵی گەردوون بە خۆی بنیات دەنێت؛ دووای ئەمە هیچ ئاگاییەکی تر لە ئارادا نییە، چونکە تەنیا لە ناو تاکدا دیاریکراوییەتی و واقعیەتی کامڵ بوونی هەیە.

گەر ئاگایی هەر کام لە تاکەکان بەو مانایەی تا ئێستا باسمان کرد، ئاگایی بێت، ئەوە ئاگایی هەر کامێکیان شـایەتێکی هەڵەهەڵنەگـرە، چـونکە ئەم ئـاگـاییە لە ڕێڕەوی یاسـامەداری سـروشـتەوە دێتە بـوون، سـروشـتیش نـاشێت لەگەڵ خۆیدا لێکدژ بێتەوە. لە هەر شـوێنێک نـوێنراوەیەکی[16] زەینی هەبێت، ئەوە دەبێت بـوونێکیش هەبێت کە لەگەڵ ئەو نـوێنراوەیەدا هـاودەق بێت، چـونکە نـوێنراوەکان بە شێوەی هـاوکات لەگەڵ درووسـتبوونی ئەو بـوونەدا دوروسـت دەبـن کە لەگەڵ خۆیـانـدا هـاودەقە. ئـاگـایی تـایبەتیی هەر تـاکێک ئـاگـاییەکە کە لە تەواوەتی خۆیدا دیاریکراوە، چـونکە بە هۆی سـروشـتیی خۆیەوە درووسـتبووە: هیچ کەسێک ناتوانێت زانینێکی تری جیاواز لەوەی هەبێت کە هەیەتی، زانینەکەشی ناکرێت ئاستێکی تری جیاواز لە ڕوونی تیادا بێت کە جیاواز بێت لەوەی هەیە. نـــاوەڕۆکی زانینی تـــاک بە هۆی ئەو پێگەیەوە دیاری دەبێت کە ئەو تاکە لە نـاو گەردووندا گـرتوویەتی؛ ئـاسـتی ڕوونی و ئـاشکرایی ئەم زانینەش بە هۆی زۆری و کەمی ئەو چـــالاکییەوە دیاری دەبێت کە هێزی مــرۆڤبوون لە تـوانـای دایە کە لە نـاو ئەو کەسەدا دەریبخات. یەکێک لە چۆنـایەتییە دیاریکەرەکانی [یەکێک لە بەشەکانی] کەسێک بـدەن بە سـروشـت، دەکرێت ئەم چۆنـایەتییە زۆر سادە و سـاکاریش بێت، بۆ نـموونە ئاراسـتەی جووڵەی مـاسـولکە یان لـوولی تـاڵە قژێکی بـدەنێ، گەر سـروشـت ئاگاییەکی گەردوونی هەبێت و توانـای وەڵامـدانەوەی تۆی هەبێت، ئەوە بێگومـان هەمـوو ئەو بیرکردنەوانەت پێدەڵێت کە ئەم تـاکە لە هەمـوو مـاوەی وشیاری خۆیدا [سەبـارەت بەم دوو نموونەیە] بیریان لێدەکاتەوە.

لە ڕێگەی ئەم دوکتۆرینەوە دیاردەی **ئیرادە**یش[17] کە هەمــوومــان پێی ئـاشــناین دەبێت بە دیاردەیەک کە دەتوانین لێی تێبگەین. ویست (ئیرادە) کردن بریتییە لە ئاگاییەکی بێ-نێوانجی

16 Presentation

17 Will

بە چالاکیی یەکێک لە هێزە سروشتییە ناوەکییەکانمان. ئاگایی بەرامبەر بە مەیل یان ئارەزوو بریتییە لە ئاگایی بێ-نێوانجی بە پێکدانانێکی لە پێکدانانەکانی ئەم هێزانە کە بە هۆی ڕێگریی هێزە دژەکانەوە هێشتا نەبووە بە چالاکی. دوودڵی بریتییە لە جەنگ و پێکدادانی نێوان هێزە دژەکان. سەرکەوتنی یەکێک لەم هێزانەش بە مـانـای تەجـربەیکردنی یەکلایی بـوونەوەیە کە بڕیارێکیشی لەگەڵە. گەر هێزی پێکدانـــان و تێکۆشـــان تەنیا هەر ئەو هێزە بێت کە لە نێوان ئێمە و ڕووەک و ئـاژەڵدا هـاوبەشە، ئەوە لە ئەنـجامـدا دابڕانێک لە بـوونی نـاوەکیمان و دابەزانـدنی پێگەی ئەم بـوونەی لێدەکەوێتەوە، چـونکە گەر شـتەکان پـلەبەنـدی بکەین ئەوە دەبینین ئەم مەیلمان لەڕووی پـلەوە [پۆلێن] لەگەڵ پـلە و ئـاسـتی [بـوونی] ئێمەدا یەک ناگرێتەوە و لە ئاستێکی نزمتردایە، بە دەربڕینێک دەتوانین ناوی مەیلی نزمی لێ بنێین. بەڵام گەر هێزی پێکدانـان کۆی هێزی مـرۆڤبوون بێت کە تـایبەت بە مـرۆڤە، ئەو کات مەیلەکە لەڕووی ئاستەوە لەگەڵ سروشتی ئێمەدا هاوپلەیە و دەتوانین بە مەیلی باڵا ناوی بەرین. بە شێوەیەکی گشتی، هێزی پێکدانان لە حاڵەتەکەی دووایياندا دەشێت ناوی یاسای **ئاکاری**[18] لێ بنرێت. چالاکبوونی ئەم هێزە [بە مانای هاتنەبوونی] ویستێکی ئاکارپارێزە و ئەو کردەیەش کە لەم ویستە دەکەوێتەوە خودی ئاکارپارێزییە[19] (virtue). سەرکەوتنی هێزەکەی یەکەم بە بێ بوونی هارمۆنی لەگەڵ هێزەکەی دووایياندا بە مانای ناسازییە؛ گەر هێزەکەی دووەم [واتە هێزی بـاڵا] بکەوێتە پێکدانـان لەگەڵ هێزی یەکەمیانـدا [ واتە هێزی نـزم] و لەم پێکدانـانەدا هێزی یەکەم سەر بکەوێت ئەم سەرکەوتنە بە مانای [هاتنە ئاراوەی] خراپەیە.

ئەو هێزەی لە هەر کام لە حـــاڵەتەکانـــدا سەردەکەوێت بە پێی زەرووڕەتێک سەردەکەوێت؛ ئەوە چۆنیەتی ڕێکـخـسـتـنی پێکەوەبەســـتـراوی گەردوونە کە دیـاری دەکـات کـام یەک لە هێزەکانی قـورسـایی بـاڵادەسـتی هەبێت. هەر بۆیە ئـاکارپـارێزی، نـاسـازی یانیش خـراپەکاری هەرکام لە تـــاکەکان بە شێوەیەکی نەگۆڕ لە لایەن چۆنیەتی هەمـــان ڕێکخستەنەوە [کە هی

18 Moral

19 Virtue

گەردوونە] دیاری دەکرێت. جارێکی تریش شێوەی ماسوولکەیەک یان لوول خواردوویەتی تاڵە موویەکی تاکێک بدەن بە سروشت، گەر سروشت لە توانای دابێت بە شێوەیەکی گشتی بیر بکاتەوە و وڵامت بداتەوە، ئەوە هەر ئەم شێوەی ماسوولکەیە و لوولیی قژە بەسە بۆ ئەوەی سروشت بتوانێت هەموو کردەوە چاک و خراپەکانی ئەم تاکە لە سەرەتا بۆ کۆتایی ژیانی ڕیز بکات. بەڵام ئەمە هۆکاری ئەوە نییە کە ئـــاکارپـــارێزی ئـــاکارپـــارێزی نەبێت و خـــراپەکاری خـراپەکاری نەبێت. کەسی ئـاکارپـارێز کەسێکی مەزنە و کەسی خـراپەکاریش نـزم و سـووکە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، هەردووکیـان لێکەوتەی زەرووری شێـوە ڕێکخـسـتـنەکەی خـــودی گەردوونن.

شـــتێک هەیە پەشیمانی پێدەگـــوتـــرێت، پەشیمانیش بـــریتییە لە ئـــاگـــایی بەو پێکدانـــانە بەردەوامەی بوونی مرۆیی -لە ناوەوەی مندا- کە پاش شکستەکە دەردەکەوێت، کە هاوکاتە لەگەڵ هەســـتێکی نـــاخۆش بە دۆڕان، داخێکی ئـــازاردەرە لە سەر دڵ و لە هەمـــانکاتـــدا نیشانەیەکی پڕ بەهایە بۆ سروشتە باڵاترەکەمان. ڕیشەی **ویژدان** و جیاوازی ڕێژەی بەهێزی و بێهیزی و هەســـتیارییەکەی، تـــاکوو دەگـــاتە نەمـــانی [ویژدان] لە نـــاو تـــاکە جیاوازەکانـــدا، [هەمووی] لە ناو ئەو ئاگاییەدایە کە بەرامبەر بە پاڵنەرە بنەڕەتەییەکەی خۆمان هەمانە. ئەو جۆرە لە کەس کە نزمە لە توانایدا نییە پەشیمان ببێتەوە، چونکە بوونی مرۆیی لەم جۆرە لە کەسدا تەنانەت بەشی ئەوەنـدەش هێزی نییە کە لە دژی پاڵنەرە نـزمەکانـدا جەنگێک بەرپا بکات. پـاداشــت و سـزا دەرئەنـجامی سـروشـتیی ئـاکارپـارێزی و خـراپەکارین، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئـاکارپـارێزی دیکە بهێنرێتە ئـاراوە و بەر بە خـراپەکاری تـر بگیرێت. هێزی تـایبەتیی مرۆڤبوونمان بە هۆی سەرکەوتنی پەیتا پەیتا و پڕبایەخەوە فراوانتر و بەهێزتر دەبێت؛ بەڵام گەر ئەم هێزە هێزیکی چالاک نەبێت و پەیتا پەیتا تووشی شکست بێت ئەوە لە ئەنجامـدا تا بێت لاوازتـر و لاوازتـریش دەبێت. چەمکی "تـاوان" و "بەرپـرسیاریەتی" جگە لە یاسـای دەرەکی لە هیچ شـــوێنێکی تـــر مـــانـــایان نییە. ئەو کەسە بـــووە بە کەسێکی تـــاوانکار و بەرامـــبەر بە لادانەکەی خۆی بە بەرپـــرسیار لە قەڵەم دەدرێت، ئەو کۆمەڵگای نـــاچـــارکردووە کۆمەڵێک

ڕێگەی دەرەکی و دەستکرد بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو پاڵنەرانەی ئەو لغاو بکەن کە بۆ ئاسایشی گشتی بوون بە مەترسی.

لێرەدا لێکۆڵینەوەکەم بوو بە لێکۆڵینەوەیەکی کامڵ و خولیای زانینیشم تێر بوو. دەزانم چیم و دەزانم زاتی چەشنەکەی خۆم لە چی پێکهاتووە. من، کە لە لایەن گەردوونەوە دیاریکراوم، دەرکەوتەیەکم لە دەرکەوتەکانی هێزێکی سروشتی کە لە خۆیدا دیاریکراوە. تێگەیشتن لە دیاریکەرە کەسییە تایبەتەکانی خۆم لە ڕێگەی هۆکارەکانی ئەم هێزەوە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی من لە توانایدا نییە دزە بکاتەوە ناوەوەی سروشتەوە. بەڵام من دەتوانم بەرامبەر بەم دیاریکەرە بنەڕەتییانە وشیارییەکی بێ-نێوانجیم هەبێت. من زۆر بە باشی دەزانم لەم ساتەوەختەی ئێستادا چیم. بە شێوەیەکی گشتیش لە یادمە لە ڕابردوودا چی بووم. بێگومان لە داهاتووشدا دەتوانم تەجربەی ئەوە بکەم کە دەبم، کاتێک کە بووم بەوەی کە دەبم.

بەڵام هیچکات ئەوە بە زەینمدا نایەت کە لەم دۆزینەوە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانم کەڵک وەربگرم، چونکە ئەوە من نیم کردە ئەنجام دەدەم، بەڵکوو ئەوە سروشتە لە ناو مندا چالاکە. هەروەها ناشێت بە ویستی خۆم مەیلی ئەوە لە خۆمدا پێکبهێنم کە خۆم بکەم بە شتێکی دیکەی جیاواز لەوەی سروشت بۆمی دیاریکردووە، چونکە من خۆم خۆمم نەخولڵقاندووە، بەڵکو سروشت منی خولڵقاندووە و ببم بە هەر شتێکیش ئەوە هەر کاری سروشتە. من دەشێت پەشیمان ببمەوە، دەشێت هەست بە دڵخۆشی بکەم و دەشێت بڕیاری وەرەبەرزانەی چاکیش بدەم، بەڵام هیچ کام لە پەشیمانبوون و بڕیارەکان بە تۆزقاڵێکیش هیچ لەوە ناگۆڕێت کە من ببم بە چی -هەڵبەت گەر بە وردی قسە بکەین من هیچکام لەو شتانە ناکەم کە باسم کردن [نە پەشیمانی، نە هەست بە دڵخۆشی و نە بڕیاردانی یەکلاییکەرەوە]، چونکە ئەمان هیچکامیان بچووکترین گۆڕانێکیش درووست ناکەن لە ڕەوتی ئەو شتەی کە دەبێت ببم. من لە ژێر دەسەڵاتی زەروورەتێکی سەخت دام کە بەزەیی بە هیچ شتێکدا نایەتەوە. گەر ئەم زەروورەتە وەهای دانێت من گەمژە و خراپەکار بم، ئەوە بێگومان هەر

دەبم بە گەمژە و خراپەکار؛ ئەگەریش وەهای دابنێت من زانا و چاکەکار بم، ئەوە بێگومان زانا و چاکەکار دەبم. ئەمە نە هەڵە و شایستەیی ئەو زەرووەرەتەیە و نە هەڵە و شایستەیی منیشە. ئەم زەرووەرەتە لە ژێر حوکمی یاساکانی خۆیدایە و منیش لە ژێر حوکمی یاساکانی ئەودام. ئێستا کە پەییم بەمە برد ئەوجار هەست دەکەم بۆ گەرەنتی کردنی ئەم هێمنییە ڕوحییەی خۆم، باشترین کار ئەوەیە هیواکانی خۆیشم واز لێبێنم بۆ ئەو زەرووەرەتە، چونکە هەموو بوونم ڕاسپێردراوەتە دەستی ئەو زەرووەرەتە.

ئاخ لە دەست ئەم خواستە سەرکەشانەی من، ئاخ! باشە بۆچی دەبێت نکۆڵی لەو هەستی ناڕاحەتی و ڕق و ترسەی خۆم بکەم کە قووڵایی بوونمی داگرت، کاتێک بینیم لێکۆڵینەوەکەم بەمجۆرە کۆتایی پێهات. من زۆر بە جیدی بەڵێنم بە خۆم دابوو کە مەیلم بۆ ئەوە نییە کاریگەریم لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەم هەبێت؛ لە ڕاستیشدا بە ئاگاییەوە ڕێگەم بە هیچ کاریگەرییەک نەدا. بەڵام ئایا دوواجار ناکرێت دان بەوەدا بنێم ئەم دەرئەنجامانە دژی قووڵترین خولیاکان، خواستەکان و داواکارییەکانی منن؟ گەرچی لە منەوە وادیارە کە بەڵگەکانی ئەم بیرکردنەوەیەم بەڵگەی درووست بن و خاوەن وردییەکی نەگۆڕ بن، بەڵام دیسان چۆن بتوانم بڕوا بەم لێکدانەوەیە بێنم بۆ بوونی خۆم، لە کاتێکدا بە چڕی دژە لەگەڵ قووڵترین ڕەگەکانی بوونم؟ چۆن بڕوا بێنم پێی لە کاتێکدا لە ململانێیەکی سەخت دایە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە تەنیا لە پێناوی ئەودا بایەخ بە ژیانی خۆم دەدەم و بە بێ ئەو پەشیمانم لەوەی بوونم هەیە؟

بەڵام بۆچی دەبێت دڵم بە هۆی شتێکەوە خەم دایبگرێت و تێکبشکێت کە ئارامییەکی پڕاوپڕی بە ڕوحم بەخشیوە؟ مادام هیچ شتێک لە سروشتدا لەگەڵ خۆی لە لێکدژیدا نییە، ئایا دەتوانین بڵێین مرۆڤ تاکە بوونی لێکدژە؟ لەوانەشە مرۆڤ وانەبێت، بەڵکوو تەنیا من و ئەوانەی وەکوو منن وەها بین. لەوانەیە باشتر وابوایە هەر لە ناو ئەو وەهمە دڵگیرەی خۆمدا مابووایەمەوە کە داگیری کردبووم، خۆمم لە ناو سنوورەکانی ئاگایی بێ-نێوانجی بەرامبەر بە بوونی خۆم هێشتبایەوە و هیچکات سەبارەت بە هۆکارەکانی بوونم پرسیارم

نەکردبـایە کە وا ئێستا وڵامەکانی ئەم پرسیارانە منی ئەوەنـدە نـاڕاحـت کردووە. بەڵام مـادام ئەم وڵامە وڵامێکی ڕاسـتە، کەواتە منیش دەبـوایە پـرسیارەکەم بکردایە؛ ئینجا خۆ ئەوە مـن نیم ئەم پـرسیارەم کردووە، ئەوە سـروشـتی بیرکردنەوەی نـاوەوەی مـنە پـرسیارەکەی بەرز کردووەتەوە. مـن بۆ ئەم مەینەتە دیاریکرابـووم و دەبـوایە پێیدا بڕۆیشتمایە، بۆیە بێهوودە شین دەگێڕم لەسەر بێگونـاهیی لەدەسـت چـووی ڕوحـمدا کە هێچکات بۆ جـارێکی دیکە ناگەڕێتەوە.

بەڵام ئـازایەتی [مـاوە بۆم]! مـادام ئـازایەتیی خۆمـم لەدەسـت نەداوە، لێگەڕێ بـا هەمـوو شـتەکانی تـر جێم بهێڵن و بڕۆن. مـن نـاتـوانـم تەنیا لەبەر مەیلێک و هیچی تـر واز لە شـتێک بهێنم کە لەسەر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دامەزراوە، گرنگیش نییە ئەم مەیلە چەندە قووڵ لە نـاو بـوونی مـندا ڕەگی داکوتـابێت یانیش چەنـدە پیرۆز دیار بێت. بەڵام لەوانەشە مـن لە لێکۆڵینەوەکەی خۆمـدا هەڵەیەکم کردبێت: لەوانەیە مـن تەنیا لە یەک ڕووەوە لە بـناغەی مـامەڵەکردن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکە تێگەیشتبێتم و هەمـوو لایەنەکانیم نەبینیبێت. دەبێت لێکۆڵینەوەکە لەم سەرەوە بە ئـاراسـتەی پێچەوانە دووبـارە بکەمەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خـاڵێکی دەسـتپێکم هەبێت. بـاشە بـا ئێستا بـزانـم چ شـتێک هەیە لەو ئەنـجامەی پێی گەیشتوون کە ئەم بێزاریی و ئازارە بەهێزەی لە ناومدا درووستکردووە. ئەو دەرئەنجامە چی بـوو وا لە بـری ئەم دەرئەنجامە دەمەویست پێی بگەم؟ جـارێ بـا بەر لە هەمـوو شـتێک بۆم ڕوون بێتەوە و بزانم ئەو مەیلەی تاوانباری دەکەم چییە؟

ئەو شـتەی پڕم دەکات لە ڕق و تـرس ئەمەیە: مـن بۆم دانـراوە زان و چـاک یانیش گەمـژە و خراپەکار بم، پاشان من ناتوانم هیچ شتێک لەم دیاریکردنە بگۆڕم، هەر بۆیەش نە لە حاڵەتی یەکەمـدا شـایانی سـتایشم و نە لە حـاڵەتی دووەمیشیانـدا هیچ هەڵەیەکی خۆمی تێدایە. ئەوەی منی ئاوەها بێزار کرد ئەوە بوو هۆکاری بوونم و دیاریکردنی بوونم دەکەوێتە **ئەودیو خۆمەوە**، کە ئـاشکرابـوونەکەشی جـارێکی تـر بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارە کە لە **دەرەوەی بوونمەوە** دیاری دەکرێت. ئازادییەک **هی من** نەبێت، بەڵکوو هی **هێزێکی بێگانە** بێت لەودیو

منەوە، ئینجا ئەم ئازادییەش خۆی ئازادییەکی تەواو نەبێت، بەڵکوو ئازادییەکی **مەرجدارکراو** بێت؛ ئەو ئازادییە بەس نییە بۆ من. من خۆم، ئەو خۆمەی کە وەکوو خۆم ئاگاییم هەیە پێی و لەنێو ئەو دوکتۆرینەدا وەکوو دەربڕینی شتێکی بالاتر دەردەکەوێت -[کە] من دەمهەوێت سەربەخۆ بم- نەک ئەوەی کە بەردەوام لەنێو ئەویتردا بم و لە ڕێگەی ئەویترەوە هەبم، بەڵکوو بە پێچەوانە [دەمهەوێت] ببمە شتێک بۆ خۆم. من دەمهەوێت خۆم هۆی بنەڕەتیی هەموو هۆکارە دیاریکەرەکانی خۆم بم. من دەمهەوێت ئەو پێگەیەی لەم دوکتۆرینەدا بە هەر کام لە هێزە ڕیشەییەکانی سروشت بەخشراوە، هی خۆم بێت، تەنیا بە یەک جیاوازییەوە، ئەویش ئەوەی کە شێوازی ئاشکرابوونم لە لایەن هێزە بێگانەکانەوە دیاری نەکرێت. من دەمهەوێت هێزێکی تاقانەی ناوەکیم هەبێت بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوەی ناکۆتا و جۆراوجۆر خۆم ئاشکرا بکەم، ڕێک وەکوو چۆن هێزەکانی سروشتیش ئەم توانایییەیان هەیە، چونکە ئەم هێزانەی سرووشت بەو شیوازە خۆیان ئاشکرا دەکەن کە دەیکەن، وە ئەمە هیچ هۆکارێکی نییە جیا لەوەی کە ئەم هێزە تەنیا خۆی بەم شێوازە ئاشکرا دەکات؛ بەلام نەک وەکوو ئەو هێزانەی سروشت کە پێشتر باسکران کە تەنیا لە ناو ئەو هەلومەرجە دەرەکیانەدا خۆیان ئاشکرا دەکەن.

باشە، بە پێی ئەم حەزەی من بێت، دەبێت پێگە و ناوەندی گونجاوی ئەم هێزە تایبەتەی من چی بێت؟ بێگومان نابێت جەستەم بێت، چونکە زۆر ئاشکرایە من جەستەم بە ئاشکرابوونێک لە ئاشکرابوونەکانی ئەو هێزە سروشتییانە دەزانم، ئەمە بۆ دیاریکردنەکانی داهاتووی جەستە و مەیلە هەستەکییەکانیشم دەگەڕێتەوە کە من بە پەیوەندی ئەم هێزانە بە ئاگایی خۆم دەیزان، بۆ بوونی جەستەم درووستە و لە جێگەی خۆی دایە. کەواتە شوێنی نیشتنی ئەم هێزە لە ناو مندا دەبێت بیرکردنەوە و ئیرادەکردنم بێت. من دەمهەوێت ئازادانە و بە پێی ئامانجێک کە ئازادانە لێی تێگەیشتووم ئیرادە بکەم، ئەم ئیرادەیەش، کە بنەڕەتیترین هۆکارە و لە لایەن هیچ هێزێکی مومکینی بالاترەوە دیارینەکراوە، دەبێت بەر لە هەموو شتێک جەستەم بجووڵێنێت و شکڵی پێبدات، ئینجا لەم ڕێگەیەشەوە جیهانی دەوروبەرم بجووڵێنێت و شکڵی پێ ببەخشێت. هێزە سروشتییە چالاکەکەی من دەبێت لە خزمەتی

ئیرادەمـدا بێت و نـابێت تـوانـای ئەوەی تیادا بێت کە جـگە لە ئیرادەی مـن، لە ڕێگەی هیچ شتێکی ترەوە بکەوێتە درووستبوون بەرەو نواندنی کردە. دەبێت بەم شێوەیە بێت کە باسی دەکەم: دەبێت شـتێک لە ئـارادا بێت کە بە پێی داوەری پێوەرە ڕۆحییەکان بـاشـترین شـت بێت؛ مـن دەبێت تـوانـایی گەڕان بە شـوێن ئەم بـاشـترینەم هەبێت هەتـا دەیدۆزمەوە، کە دۆزیشمەوە دەبێت تـوانـای نـاسینەوەییم[20] هەبێت وەکوو ئەوەی هەیە؛ گەر نەمـتوانی بیدۆزمەوە ئەوە هەڵەی خۆمە. مـن لە توانامـدایە ئیرادەی ئەم باشـترینە بکەم، لەبەر ئەوەی ئیرادەی دەکەم؛ گەر لە بـری ئەو شـتێکی تـر بـدۆزمەوە ئەوە هەڵەی خۆمە. کردەکانـم ئاکامی ئەم ئیرادەیەن و بە بێ ئەو هیچ کردەیەکی مـن نایەتە ڕوودان، چونکە لە کردەکانمدا ناشێت هیچ هێزێک جگە لەم ئیرادەیە بوونی هەبێت. ئینجا هێزی من تەنیا ئەو کاتە دەبێت دەست بخاتە ناو سروشتەوە کە لە لایەن ئیرادەی خۆمەوە دیاری کرابێت و لە خزمەت ئەو ئیرادەدا بێت. مـن دەمـەوێت سەرداری سـروشـت بـم و سـروشـتیش بەنـدەی مـن بێت. مـن دەمـەوێت ئەوەنـدەی هێزم هەیە کاریگەریشم بەسەر سـروشـتدا هەبێت، بەڵام سـروشـت نابێت کاریگەری بەسەر منەوە هەبێت.

ئەمە نـاوەڕۆکی حەز و داواکارییەکانی مــن بـوو. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە فـامــم ڕازی دەکـات ئەم حەز و داواکـارییەی بە تەواوەتی ڕەد کـردووەتەوە. بە گـوێـرەی حەز و داواکارییەکانی خۆم بێت، مـن دەبێت سەربەخۆ بـم، هەم لە سـروشـت و هەمیش لە هەرچی یاسایەک کە خۆم بۆ خۆمـم دانەناوە، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکەی پێشووترم بێت، من لە ناو زنجیری سـروشـتدا بەسـتێنێکم کە لە هەمـوو ڕوویەکەوە دیاریکراوم. ئێستاش پـرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەتوانین تەنانەت بیریش لەو ئازادییە بکەینەوە کە حەزی من داوای دەکات، گەر دەتـوانین: ئـاخۆ بیرکردنەوەیەکی گشـتگیر و کامڵ لەم بـابەتە نـاشێت کۆمەڵێک هۆکارم بۆ بـدۆزێتەوە کە وام لێبکەن ئەم ئـازادییە وەکوو ئـازادییەکی واقعی قـبووڵ بکەم و بە ئـازادیی

20 Recognition

خۆمی لە قەڵەم بــدەم، کە ئەمەش لە هەمــانکاتــدا بە مــانــای ڕەدکردنەوەی ئــاکامی لێکۆڵینەوەکەی پێشووترمە؟

مەبەست لە ئازادبوون بەو مانایەی ئاماژەم پێیدا، ئەوەیەکە من دەمهەوێت خۆم خۆم بکەم بە هەرچی شـتێک کە لە داهـاتـوو دەبـم. کەوایە بۆ ئەوەی بـتوانـم خۆم بکەم بەوەی بڕیارە دوواتر ببم، دەبێت بە مانایەک لە ماناکان پێشتر ئەوە بووبێتم کە بڕیارە دوواتر ببم، ئەمەش ئــاڵۆزتــرین لایەنی ئەم وێناکردنەیە و لە ڕوواڵەتیشدا بە شێوەیەکی تەواو لێکترازاو دیارە؛ بە پێی ئەم وێناکردنە بێت مـن دەبێت بـوونێکی دووانەم هەبێت، کە یەکەمیان هەڵگری بـناغەی دیاریکردنی دووەمـم بێت. گەر مـن لەنێو ئەم پەیوەنـدییەدا خۆ-ئـاگـایی بێ-نێوانجیم لەنێو خستنەکاری ئیرادەکەم ببینم، ئەوە ئەم شتانەی پێ دەدۆزمەوە: مـن چەنـدەها جۆر شێوازی کردەنـوانـدنی[21] مــومکین دەنــاســم، ئینجا وادیارە مــن لە نێوان ئەمــانەدا دەشێت هەر کـامێکیانــم کە دەوێت، هەڵـبژێرم. بیر لە هەمــوویان دەکەمەوە، بیـر لە شێـوازی نـــوێی کردەنـوانـدن دەکەمەوە، دانە بە دانە ڕوونیان دەکەمەوە، لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان دەکەم و ئینجا ئیمکانەکان هەڵدەسەنگێنم. دوواجــار لە نێوان هەمــوو ئیمکانەکانــدس یەکێکیان هەڵدەبـــژێرم و بە پێی ئەو ئیرادەی خۆم دیاری دەکەم و ئەم یەکـلایی بـــوونەوەیەی ئیرادە کردەی گـونـجاو لەگەڵ ئیرادەکەی لێدەکەوێتەوە. کەواتە لێرەدا شـتێکی ئـاشکرا هەیە: مـن تەنیا بە پێی بیرکـردنەوە لە ئــامــانــجەکە، دەبــمە ئەوەی کە **لەوەوپێش هەم**، وە ئەمە دەرئەنـجامی بیرکردنەوەکەیە کە بە**شێوەیەکی واقعی** لە نـاو ئیرادەکردن و کردەنـوانـدنـدا بوونم دەبێت. سەرەتا من وەکوو بیرکەرەوە و بە هۆی ئەم بیرکردنەوەیەوە ئەوەم کە دوواتر وەکوو بکەرێک بـوونی هەیە. مـن خۆم درووسـت دەکەم: بـوونی خۆم لە ڕێگەی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش لە ڕێگەی بیرکردنەوە درووست دەکەم.

لێرەدا دەکرێت هێزێکی سروشـتی وەکوو ڕووەکێک لە هەلـومەرجی نا-دیاریکراوییەتی خۆیدا وەربگرین کە دەکەوێتە پێش هەلومەرجە دیاریکراوەکەی ئاشکرابوونی، ئەم ڕووەکە لە دۆخە

---

21 Acting

نا-دیاریکراوەکەیدا سامانێک لە دیاریکردنی جۆراوجۆری پێبەخشراوە و گەر بدرێتە دەست خۆی ئەوە دەشێت هەر کام لەم دیاریکردنانە لەخۆ بگرێت. گومانی تێدا نییە کە بنچینەی ئەم فرەچەشنییەی ئیمکانەکان **لە ناو** ڕووەکەکە دایە، واتە لە ناو هێزە تایبەتەکەی خۆیدایە، بەڵام ئەم ئیمکانە فرەچەشنانە بۆ ڕووەکەکە نین، چونکە ئەم جۆرە لە چەمک ناکەونە ناو سنووری توانایی ئەوەوە. ڕووەکەکە ناتوانێت هەڵبژێرێت و ناشتوانێت خۆی بە خۆی کۆتایی بە نادیاریکراوییەتییەکە بهێنێت: بۆیە هۆکارە دیاریکەرە دەرەکییەکان پێویستن بۆ ئەوەی لە نێوان هەموو دیاریکردنە مومکینەکاندا -لە ناو یەکێکیاندا- سنووورداری بکات کە ڕووەکەکە خۆی بە خۆی ناتوانێت خۆی تیادا سنووردار بکات. لە ناو ڕووەکدا دیاریکردن ناشێت پێش دیاریکردنەکەی ڕوو بدات، چونکە تەنیا یەک ڕێگای هەیە بۆ ئەوەی دیاری بکرێت، ئەویش دیاریکردنییەتی بە پێی بوونە واقعی و بەرجەستەکەی. هەر بۆیەش لەسەرەوە ناچاربووم بڵێم هەموو هێزێک بۆ ئاشکرابوونی دیاریکردنی کامڵی خۆی لە دەرەوەوە وەردەگرێت. بێگومان لەو کاتەدا تەنیا بیرم لەو هێزانە دەکردەوە کە خۆیان لە ڕێگەی بوونێکەوە ئاشکرا دەکەن، بەڵام ئاگایی ناکەوێتە سنووری توانایانەوە. ئیدعاکەی سەرەوە لەسەر ئەو هێزانە -بە بێ بچووکترین کۆسپ- ڕاستە. بەڵام کاتێک دێین باسی بوونە ژیرەکان[22] دەکەین، ئیتر هیچ هۆیەک بەدی ناکەم بۆ ئەوەی جەخت لەسەر هەمان شت بکەمەوە و ئەوانیشی پێ گرێ بدەمەوە؛ چونکە ئەم کارە پەلەی پێوە دیارە.

ئازادی بەو مانایەی لەسەرەوە داوای دەکەم تەنیا لە ناو بوونە ژیرەکەدا بیرلێکراوەیە، بەڵام لەناو ئەویشدایە [بوونە ژیرەکە] کە بیرکردنەوە هیچ گومانێک هەڵ ناگرێت. بەم پێشوادانانەوە[23]، هەم مرۆڤ و هەم سروشتیش بە کامڵی تێگەیشتنی دەبن. ڕێک وەکوو ئەوەی لە سیستمەکەی پێشوودا بینیمان، جەستەم و تواناییم بۆ کردەنواندن لە جیهانی هەستەکانیشدا، دەرخەری کۆمەڵێک لە هێزە سروشتییە سنووردارەکانە؛ مەیلە

---

**22** Intelligence

**23** Presupposition

سروشتییەکانم بریتین لە پەیوەندییەکانی ئەم ئاشکرابوونانە بە ئاگاییمەوە. زانینی ڕووت سەبارەت بەوەی چ شتێک بە بێ بەشداریکردنی من [لە بوونیدا] بوونی هەیە و درووست دەبێت، واتە لە پێشوادانانی ئازادییەوە سەرهەڵدەدات، ئەمە لە سیستمەکەی پێشووتریشدا هەر وەها بوو؛ [بۆیە] تا ئێرە هەر دوو سیستمەکە یەک دەگرنەوە. بەڵام ڕێکنەکەوتوویی نێوان هەردوو دوکتۆرینەکە لێرەوە دەست پێدەکات: بە پێی سیستمەکەی پێشوو، توانستی چالاکی من لە ناو جیهانی هەستەکیدا لە خزمەتی سروشتدا دەمێنێتەوە و بە بەردەوامیش لە لایەن هەمان هێزەوە کە بەرهەمیشی هێناوە دەخرێتە جووڵە، ئینجا فیکر [و بیرکردنەوە] لە هەموو شوێنێک تەنیا بینەربوونە و بەس. لەم سیستمەی ئێستادا ئەم توانستە هەر لەگەڵ هاتنەبوونیدا لە خزمەت هێزێکدایە کە باڵاترە لە سروشت و لە یاساکانی سروشتیش ڕەهایە، ئەم هێزە هێزی ئامانجەکان و ئیرادەیە. بیرکردنەوە چیتر بینەربوونێکی ڕووت نییە، بەڵکوو ئەو سەرچاوەیەشە کە کردەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن. لە سیستمی یەکەمیاندا، هێزە دەرەکییەکان کە لە منەوە نادیارن، کۆتایی بە دۆخی یەکلانەبوویی من دەهێنن و چالاکی و ئاگایی بێ-نێوانجی من بەرامبەر بەو چالاکییە، واتە ئیرادەم، لە ناو هاوشێوەییەکی تەواودا دادەشکێت، ڕێک وەکوو چۆن لە ڕووەکیشدا هەمان کار دەکەن کە چالاکییەکەی بە هۆی خۆیەوە دیاری ناکرێت. بەڵام لێرە لەم سیستمەیاندا، ئەوە من خۆمم کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد لە کارتێکەری هەموو هێزە دەرەکییەکان، کۆتایی بە دۆخی نایەکلایی خۆم دەهێنم، لە کاتێکدا ئەوەی دیاریم دەکات ئەو زانینەیە کە سەبارەت بەوەی چاکترینە هەمە، کە زانینێکە وا ئازادانە لە ناو خۆمدا درووستبووە.

دەبێت کام یەک لەم دوو بۆچوونە هەڵبژێرم و شوێنی بکەوم؟ ئایا من ئازاد و سەربەخۆم، یانیش نا، من لە خۆمدا هیچ نیم و تەنیا دەرکەوتەی هێزێکی بێگانەم؟ هەر ئێستا بۆم ڕوون بوویەوە هیچ کام لەم دوو بۆچوونە بە پێی پێویست [بە بەڵگەی قورس و قایم] پشتڕاست ناکرێنەوە. تاکە شتێک پشتگیری لە بۆچوونی یەکەمیان دەکات ئەوەیە بیرلێکراوەیە؛ بۆ

بۆچـــوونی دووەمیان، دۆزەکە[24] وەردەگـــرم کە لە خۆیدا و لە نـــاو پـــانـــتایی خۆیدا تەواو حەقیقییە، بەڵام مـــن ئەم دۆزە هەتـــا ئەو دیو پـــانـــتایی خۆی دەیکێشمەوە. گەر ژێری تەنیا ئـــاشکرابـــوونێکی ســـروشـــت بێت و بەس، ئەوە تەواو لە جێی خۆیەتی ئەو دۆزە هێـنـدە بکێشینەوە هەتا ئەویش لە خۆی بگرێت؛ بەڵام لە ڕاستیدا پرسیارەکە ڕێک ئەوەیە ئایا ژێری ئـاشکرابـوونێکی لەم جۆرەیە؛ وڵامی ئەم پـرسیارەش دەبێت لە دۆزی تـرەوە هەڵێنجین، نەک ئەوەی لە سەرەتـای لێکۆڵینەوەکەدا بە پێشوادانـان، وڵامێکی یەکلایەنەی پێ بـدەم و دوواتـر لەم پێشوادانانەوە ئەوەی لێ ئاکامگیری بگرم کە لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا خۆم لە ناویدا دامــناوە. بە کورتی، نە بۆچـــوونی یەکەم و نە بۆچـــوونی دووەم هیچکامیان بە بەڵگەی تەواو پشتڕاست نەکراونەتەوە.

هانا بردن بۆ ئاگایی بێ-نێوانجیش ناتوانێت پرسەکە یەکلایی بکاتەوە. من ناتوانم بەرامبەر بەو هێزە دەرەکییانە ئـاگـا بـبمەوە کە لە نـاو سیستمی زەرووڕەتی گەردوونیدا، مــن دیاری دەکەن، نە دەشـتوانـم بەرامـبەر بە هێزەکەی خۆم ئـاگـا بـبمەوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە خۆم دیاری دەکەم لە نـــاو سیستمی ئـــازادیدا. کەوابێت هەر کام لەم دوو بۆچـــوونە هەڵبژێرم و پەیڕەوی لێ بکەم، تەنیا لەبەر ئەوە پەیڕەویم لێکردووە چـــونکە وارێککەوتـــووە کە پەیڕەوی لەویان بکەم.

سیستمی ئـازادی دڵم ڕازی دەکات؛ سیستمەکەی بەرامــبەر ئەم سیستمە دڵم دەکوژێت و لە ناوی دەبات. لەوێ [لە ناو بووندا] بە ساردی و مردوویی بوەستم، تەنیا بۆ ئەوەی سەیری گۆڕانی ڕووداوەکان بکەم، یانیش ئـــاوێنەیەکی ســـســـت بـــم بۆ ئەو فۆڕمـــانەی کە زوو زوو بە بەردەمــمدا تێپەڕدەبـن، ئەمە ئەو بـوونەیە کە مـن نـاتـوانـم لەگەڵیدا هەڵبکەم و بـوونێکی ســووکە لە لام و بێزارم لێی. مـن دەمـهەوێت عـاشـق بـم، دەمـهەوێت نـوقمی پەرۆشی بـم، دەمـهەوێت هەسـت بە خۆشـحاڵی و خەمگینی بکەم. لای مـن بـالاترین شـتی ئەم پەرۆشییە خۆمـم، و تەنیا شـتێکیش کە مـن دەتـوانـم لە ڕێگەی ئەوەوە بەردەوام نـاوەڕۆکی پێ بـدەم،

---

24 Proposition

چـالاکییەکەمە. دەمــهەوێت هەمــوو شــتێک بکەم بۆ گەیشتن بە بـاشــترین؛ دەمــهەوێت هەســت بە خۆشــحاڵی بکەم کاتێک کارەکەی خۆمــم بە چـاکی ئەنــجام داوە و هەســت بە ناڕاحەتی بکەم کاتێک کارەکەم بە خراپی بە ئەنجام گەیاندووە. بەڵام تەنانەت ئەم هەست بە نــاڕاحەتی کردنەش دەبێت خۆش بێت لە لام، چــونکە ئەم هەســتە پەرۆشــبوونە بۆ خۆم و بەڵێنێکیشە بۆ چاکتربوون لە داهاتوودا. تەنیا لە عەشقدا ژیان هەیە، بەبێ عەشق مەرگ و لەناوچوون هەیە.

بەڵام سیستمەکەی تـریان کە دەکەوێتە بەرامــبەر ئەو سیستمەی کە ئێستا بـاســم کرد، بە ســارد و سڕی و لاســارانە لێم دێتە پێشەوە و گــاڵتە بەم عەشــقە دەکات. بە گــوێرەی ئەم سیستمە بێت، من نە بوونم هەیە و نە کردە. ئابجێکتی قووڵترین هەست و سۆزەکانم تەنیا خەیاڵاتی مێشکە و بەس، وەهمێکی گوستاخە کە خۆی ئاشکرا دەکات. لە جیاتی من هێزێکی بێگانە بوونی هەیە و کردە دەنوێنێت کە بۆ مـن تەواو نەنـاسراوە؛ مـن دەبـم بە کەسێک ئیتر گــوێی لەوە نییە ئەم هێزە بێگانەیە چۆن پەرە دەسەنێت. لەوێ لە نـاو بـوونـدا وەسـتاوم، لە کاتێکدا شەرم دەکەم لەوەی هەست و سۆزی بە تین و ئیرادەی چاکم هەیە. بە هۆی ئەوەوە شەرم دامـدەگـرێت کە دەزانـم چ شـتێک لە مـندا چـاکترین شـتە و دەشێت لە پێناو ئەودا بــوونــم هەبێت، وەکوو بڵێی شـــتێکی گەمـــژانە و پێکەنیناوی لە مـــن ڕوویدابێت. ئەوەی پیرۆزترین شتە بۆ من دەکرێتە شتێکی گاڵتەجاڕی.

گومانی تێدا نییە، بەر لەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەست پێبکەم و تووشی ئەم سەرلێشێوان و نائومێدییەی ئێستام بکات، ئەوە عەشقم بۆ ئەم عەشقە و پەرۆشیم بۆ ئەم پەرۆشییە بووە کە نائاگـایانە هـانی داوم داوای ئـازادی و سەربەخۆیی خۆم بکەم. گـومـانی تێدا نییە ئەوە ئەم پەرۆشییە بـووە وای لێمکرد بیروبۆچـوونێک بکەم بە بـاوەڕێک، لە کاتێکدا ئەم بیروبۆچـوونە هیچ پـــاڵپشتێکی نییە جـــگە لەوەی ئیمکانی ئەوەی تێدایە بیری لێبکرێتەوە و بۆچـــوونە دژەکەشی ئیمکانی سەلـماندنی لەگەڵ نییە. ئینجا بێگومـان هەر ئەم پەرۆشییەشە تـا ئێستا

ڕێگەی لێم گرتووە بۆ ئەوەی نەمهەوێت بۆ ڕوونکردنەوەی خۆم و توانستەکەم، هەوڵی زیاتر بدەم.

ڕاســـتە سیستمە دژەکە بێگیان و دڵڕەقە، بەڵام تــوانـــایەکی لەڕادەبەدەری بۆ ڕوونکردنەوە هەیە، ئەم سیستمە تەنــانەت حەزی مــن بۆ ئــازادی و ڕقی مــن لە بۆچــوونە دژەکان ڕوون دەکاتەوە. هەر شــتێک مــن لە ئــاگــایی خۆمەوە بیهێنم و بیخەمە بەردەســتی، ئەو ڕوونی دەکاتەوە، هەر کاتێکیش بڵێم ئەمە ئــاوەهـــا و ئــاوەهـــایە ئەو بەردەوام بە لەسەرخۆیی و متمانەبەخۆبوونە هەمیشەییەکەی خۆیەوە وڵامم دەداتەوە: "منیش هەمان شت دەڵێم، بەڵام مـن لە پـاڵ ئەمەدا ئەوەشـت پێدەڵێم ئەو هۆکارانە چین وادەکەن ئەمە بە زەروورەت ئاوەها بێت." کاتێک داخ دەخۆم، ئەو لە وڵامدا دەڵێت: کاتێک باسی دڵ و عەشق و پەرۆشی خۆت دەکەیت، ئەوە لە خــاڵی ئــاگــایی بێ-نێوانجی خۆتــدا وەســتاویت و لەوێوە دەدوێیت، ئینجا خۆ خۆت دانـت بەمەدا نـاوە کاتێک خۆت بە بـاڵاتـرین بـابەتی پەرۆشی خۆت دەزانیت. ئەمەش بـابەتێکی زانـراوە، جیا لەمە پێشتریش زۆر بە ڕوونی بـاسی ئەوە کرا کە ئەم **'تۆ'**یە کە ئـاوەهـا بە قـووڵی بەپەرۆشی بۆی -تـا ئەو کاتەی ڕەفـتارێکی ئـاشکرا و پێزانـراو نییە- بەلایەنی کەمەوە پـاڵنەرێکە کە لە سـروشـتی نـاوەکی و تـایبەتی خۆتەوە سەرچـاوە دەگـرێت. ئەوەش دەزانین کە هەمــوو پــاڵنەرێک، مــادام پــاڵنەر بێت، دەگەڕێتەوە نــاو خۆی و [لەوێوە] خۆی دەخـاتە چالاکییەوە. لێرەشەوە دەتـوانین لەوە تێبگەین ئەم پاڵنەرە بۆ ئـاشکراکردنی خۆی لە ناو ئاگاییدا، هەر دەبێت وەکوو عەشق و پەرۆشی بۆ چالاکی تاکی و ئازادانە خۆی دەرببڕێت. "گەر بتوانیت واز لەم ڕوانگە بەرتەسکەی خۆ-ئاگایی بهێنیت و لەبری ئەو لە پێگەیەکی ترەوە بڕوانیت کە بەسەر هەمــوو گەردوونــدا دەڕوانێت -کە دوواجــاریش بەڵێنت بە خۆت دابــوو لەم پێگەیەوە بڕوانیت- ئەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە ئەوەی تۆ بە عەشقی خۆت نــاوی دەبەیت عەشقی خۆت نییە، بەڵکوو عیشقی بێگانەیەکە - ئەوە هێزی ڕیشەیی سـروشــتە لە نـاو تۆدا کە بەپەرۆشە بۆ ئەوەی خۆی وەکوو ئەوەی هەیە بــپارێزێت. کەواتە وازبێنە لەوەی هــانـــا بۆ عەشقی خۆت بەریت؛ چونکە گەر ئەم عەشقە شتێکی تریشمان بۆ بسەلمێنێت، دیسانیش ئێستا کاتی ئەوە نییە ئەم عەشــقە بە گــریمانە (پێش‌وادانــان) بگیردرێت. تۆ **عــاشقی خۆت**

**نیت**، لەبەر ئەوەی تۆ هەر **بـوونیشت نییە**. کەواتە ئەوە سـروشـتە لە نـاو تۆدا بەپـرۆشە بۆ پـاراسـتن و بەردەوامیدان بەخۆی. گەرچی لە نـاو ڕووەکدا پـاڵنەرێکی تـایبەتیی بۆ گەشە و شێوەپێدان هەیە، بەڵام تۆ خۆیشت بێ ئەمـلا و ئەولا ئەوەت قـبووڵە کە چـالاکی دیاریکراوی ئەم پاڵنەرە وابەستەی کۆمەڵە هێزێکە کە دەکەوێتە دەرەوەی خۆی. بۆ یەک ساتیش ئاگایی بدەرە ئەم ڕووەکە، ئەویش لە ناوەوەی خۆیدا بە پەرۆشی و عەشقەوە هەست بەم پاڵنانە بۆ گەشە دەکات. ئینجا وەرە بە بەڵگەوە قەناعەت بەم ڕووەکە بێنە ئەم پاڵنەری گەشەیە خۆی بۆ خۆی هیچی پێناکرێت، بەڵکوو هەمووکات پێوەری خۆئاشکراکردنەکەی بە هۆی شتێک لە دەرەوەی خۆیەوە دیاری دەکرێت، لەم حـاڵەتەدا ڕووەکەکەش دەشێت بە هەمـان شێوە بـدوێت کە تۆ کەمێک پێش ئێستا دەدوایت و هەڵسوکەوتێک لە خۆی دەنـوێنێت کە دەشێت لەبەر ئەوەی ڕووەکە لێی بـبوورین، بەڵام تۆ بەرهەمێکی بـاڵای سـروشـتیت و وەک گـشـت بیـر لە سـروشـت دەکەیـتەوە، هەر بۆیەش ئەم جۆرە لە هەڵـسـوکەوت لە تۆ ناوەشێتەوە."

بـاشە، مـن لە دژی ئەم شێوە ڕوانینە چیم هەیە بۆ گـوتـن؟ گەر پێگەی ڕوانینم بـگوازمەوە و بچمە ناو هەرێمی ئەوەوە، واتە بچمە ئەو شوێنی ڕوانینەی کە لێیەوە هەموو گەردوونم لێ دیارە، ئەوە بێگومـان شەرم و بێدەنگی دامـدەگـرێت. پـرسیارەکە ئەوەیە: ئـایا مـن ئەسڵەن دەبێت ئەم پێگەیە وەکوو پێگەی ڕوانینی خۆم قبووڵ بکەم، یانیش نا بـاشـتر وایە هەر لە نـاو خۆ-ئاگایی بێ-نێوانجیدا بمێنمەوە، ئایا دەبێت عرشق ملکەچی زانین بێت یان زانین ملکەچی ئەو بێت؟ ئەم سیستمەی دووایین لە نـاو خەڵکانی ئەهـلی زانیندا نـاوبـانگێکی خـراپی هەیە، سیستمەکەی پێشووشیان هەستێکی لە ڕادەبەدەر ناخۆشم پێدەدات، چونکە خودی من لە بوونمدا دەسڕێتەوە. ناکرێت ئەوەی سیستمەکەی دووایین وەربگرم و بێفیکری و گەمژەیی خۆم نەبینم؛ بۆ ئەوەی سیستمەکەی پێشووشیان وەربگرم دەبێت خۆم لە ناو بەرم.

من ناتوانم لەم دۆخە یەکلایینەبووەدا بمێنمەوە: ئارامی ڕوحم و کەرامەتی من وابەستەیە بە وڵامی ئەم پرسیارە. بە هەمـانشێوە مەحـاڵیشە خۆم خۆم یەکلایی بکەمەوە؛ چـونکە هیچ

بەڵگەیەکی پێویستم لەبەردەســت نییە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بە شێوازێک لە شێوازەکان خۆم یەکلایی بکەمەوە.

نـاتـوانـم لەگەڵ ئەم دۆخی نـادڵنیایی و دوودڵییەدا هەڵبکەم! چـاکترین و ئـازایانەتـرین بڕیاری ژیانم منی گەیاندووە بە تۆ! کام هێز دەتوانێت من لە تۆ بپارێزێت؟ کام هێز دەتوانێت من لە خۆم بپارێزێت؟